# هەرێمە فیدراڵییەکان لە گۆشەنیگای تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

**أمین فرج شریف[١]، سەروەر حمە احمد[٢]**
[١،٢] بەشی زانستە سیاسیەکان، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: amin.sharif@su.edu.krd

## پوختەی توێژینەوە:

پرسی هەرێمە فیدراڵییەکان وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی لە گۆشەنیگای تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە پرسێکی ناڕوون و ئاڵۆزە. سەرەڕای هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر پێگەی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان هەیە، بەڵام هێشتا بیرمەندان و تیۆرسیەنەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و جیهانیی هاوڕا نین لەسەر رۆڵ و پێگەی ئەم ئەکتەرانە لە کارلێکە جیهانییەکاندا، لەم بارەیەشەوە بوونەتە دوو بەش، بەشێکیان پێیان وایە "ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان"(NSAs) هێزێکی کاریگەر و چالاکن و، رۆڵییان لە پرسە سیاسی و ئابووری و سەربازییە جیهانییەکاندا هەیە. لە بەرانبەردا بەشێکی تر لە تیۆرسیەنەکان پێیان وایە سەرەڕای هەموو گۆڕانکارییەکان هێشتا دەوڵەت وەك کارەکتەری سەرەکیی لە گۆڕەپانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ماوەتەوە.

**دەستەواژە گرنگەکان:** (هەرێمە فیدراڵییەکان، قوتابخانەی ریالیزم، لیبراڵیزم، ئینگلیزی و کۆپنهاگن).

## ملخص البحث:

تتميز إشكالية الأقاليم الفيدرالية من ضمن الفاعلين من غير الدول (الفاعلون غير الدولاتية) في العلاقات الدولية بالغموض. وعلى الرغم من جدل واسع حول دور وموقع ومكانة الفاعلين من غير الدول بين باحثي و منظري السياسة العالمية، إلا إنَّهم موزعون على قسمين، يرى الأول أنَّ الفاعلين من غير الدول لهم تأثير كبير ودور بارز في القضايا السياسية والاقتصادية والعسكرية العالمية، أما الثاني يرى انه على الرغم من التغييرات الجلية، إلا أن الدولة ظلت كفاعل أساس ورئيس في العلاقات الدولية.

الكلمات المفتاحية: (الأقاليم الفيدرالية، المدرسة الواقعية، الليبرالية، الإنجليزية وكوبنهاغن).


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10467 |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/١٦ \| رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٢/٢٢ \| رێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | amin.sharif@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.ی.د. أمین فرج شریف، م. سەروەر حمە احمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر رەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

The Issue of Federal Regions as Non-State Actors from the Perspective of International Relations Theories Is an Ambiguous and Complicated Issue. Despite Huge Discussion on The Role Played by Non-State Actors, Yet There Is No Consensus Among World Politics Theorists on The Role and Position of Those Actors in the International Interactions. In This Regard, Theorists Have Been Divided in Two Groups, Some Believe That Non-State Actors are Active and Effective Power and They Play Major Role in Political, Economic and Military Matters of the World, While Others Think That despite Comprehensive Changes Recently, and The States Have Remained as the Main Actors of International Relations.

**Keywords:** (Federal Regions, Realism School, Liberalism, English and Copenhagen).

## پێشەکی:

هەرێمە فیدراڵییەکان وەک پێکهاتە و پێکهێنەرێکی سەرەکی دەوڵەتە فیدراڵییەکان، لە نێو توێژینەوەکانی توێژەرانی ئەم بوارەدا چەندین دەستەواژەی بۆ داتاشراوە، وەک چەمکی (ویلایەت/ State) کە بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی فیدراڵییەتی وڵاتانی (ئوستراليا، برازيل، ئیتیۆپیا، مالیزیا، هندستان، مەکسیک، نیجێریا و ئەمریکا) بەکاردێت. لە بەرانبەریشدا چەمکی (پارێزگاکان، مقاطعات/ Provinces) بۆ یەکە فیدراڵییەکانی وڵاتانی (ئارژانتین، کەنەدا، پاکستان و ئەفریقای باشوور) بەکاردێت، لەگەڵ ناوزەدکردنی هەرێمە فیدراڵییەکانی وڵاتانی (نەمسا و ئەڵمانیا) بە (لاندەر/ Lander) و، سویسرا بە (کانتۆن/ Canton) و، بەلجیکا و عێراق بە (هەرێم/ Region) و، رووسیا بە (کۆمارەکان/ Republics). چەمکی هەرێمە فیدراڵییەکان گوزارشتە لەو ناوچانەی کە فاکتەری مێژوویی، نەتەوەیی، سیاسی و ئاینی تێیاندا وایکردوە سیفەت و خاسیەتی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەبێت. وە بوونی هەرێمی تایبەت بە خۆیان ئەو پێویستییە دەخوڵقێنێت کە بەپێی خاسیەتەکانی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. بەمجۆرە دەکرێت چەند هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا پێکبێن و مافی دەستوورییان دانی پێدابنرێت و یەك حاڵەت و خاسیەت و تایبەتمەندییان هەبێت، لە نموونەی ئەو هەرێمانەی لە وڵاتە فیدراڵییەکانی بەلجیکا و ئیسپانیا و عێراق و .... هتد، بوونیان هەیە. دەبینین لە تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کە پەیڕەوی سیستەمی فیدراڵی دەکەن، هەرێمەکان یەکەیەکی فەرمانڕەوایی بچووکن لەناو یەکەیەکی فەرمانڕەوایی گەورەدا؛ بەوەی کە بچووک تەواوکەری گەورەیە و بە پێچەوانەوەشەوە.

خستنەڕووی گرفت و بابەتی توێژینەوە: لە هەموو توێژینەوەیەکدا، کێشە و بابەتێك هەیە کە توێژەر هەوڵدەدات لێی بکۆڵێتەوە. ئێمەش لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت هەڵوێستە بکەین لەسەر هەرێمە فیدراڵییەکان لە گۆشەنیگای تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

ئامانجی توێژینەوە: هەروەك ئاماژەمان پێدا بابەتی توێژینەوەکەمان خۆی لە هەڵوێستەکردن لەسەر هەرێمە فیدراڵییەکان لە گۆشەنیگای تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبینێتەوە. لەم نێوەندەشدا ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە روونکردنەوەی دیارترین بنەما و پرێنسیپ و رێچکە و رێبازەکانی تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەگەڵ خستنەڕووی پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لەناو ئەو تیۆریانەدا.

پرسیاری توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بداتەوە: قوتابخانە تیۆرییەکانی وەک ریالیزم، لیبراڵیزم، ئینگلیزی و کۆپنهاگن چۆن دەڕواننە سەنگ و پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە سیاسەتی جیهانییدا؟

گریمانەی توێژینەوە: بۆ وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکە، توێژەر هەوڵدەدات ئەم گریمانەیە بسەلمێنێ: "سەرباری ئەوەی هەندێک لە تیۆرە سەرەکییەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە تەنها گرنگی بە دەوڵەتان دەدەن وەک ئەکتەرێکی سەرەکی سەر شانۆی سیاسیی جیهانی. بەڵام بە پێچەوانەوە، هەندێکی دیکەیان پێیان وایە دەوڵەتان تاکە ئەکتەری سەرەکی نین لە سیاسەتی جیهانییدا، بەڵکو ئەکتەرە

نێودەوڵەتییەکانیش لە پاڵ دەوڵەتان بوونیان لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا هەیە".

میتۆدی توێژینەوە: بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و گەیاندنی مەبەست و شیکردنەوەی بابەتەکان، پشتمان بە میتۆدی شیکاری (المنهج التحليلي) بەستووە، لەهەمان کاتیشدا ڕێبازی شیکردنەوەی چۆنیەتی "التحليل النوعي" (Qualitative Analysis)ـشمان بەکارهێناوە، لەوانە: شیکردنەوەی ڕێچکە و ڕێبازی تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

پەیکەری توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و پێنج بەشی سەرەکی و بەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت، بە جۆرێك لە پێشەکی توێژینەوەکەدا توێژەر هەستاوە بە خستنەڕووی ناونیشانی توێژینەوەکە لەگەڵ خستنەڕووی و پرسیار و گریمانە و ئامانج و میتۆد و پەیکەری توێژینەوەکە. و لە بەشی یەکەمدا باس لە ناساندنی دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمە فیدراڵییەکان دەکەین. لە بەشی دووەمدا تیشك دەخرێتە سەر قوتابخانەی ریالیزم و هەرێمە فیدراڵییەکان و، لە بەشی سێیەم قسە لەسەر پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە گۆشەنیگای قوتابخانەی لیبراڵیزم دەکرێت. پاشان لە بەشی چوارەمدا باس لە هەرێمە فیدراڵییەکان لە گۆشەنیگای قوتابخانەی ئینگلیزی دەکەین و، لە بەشی پێنجەم و کۆتاییشدا هەرێمە فیدراڵییەکان لە گۆشەنیگای قوتابخانی کۆپنهاگن دەخەینەڕوو.

١- ناساندنی دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمە فیدراڵییەکان:

بە مەبەستی ناساندن و پێناسەکردنی چەمکەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمە فیدراڵییەکان، ئەم داواکراوە دابەشی سەر دوو تەوەر دەکەین. لە تەوەری یەکەمدا تیشک دەخەینە سەر ناساندنی چەمکی دەوڵەتی فیدراڵی و، لە تەوەری دووەمیشدا باس لە پێناسەی چەمکی هەرێمە فیدراڵییەکان دەکەین.

١-١ ناساندنی چەمکی دەوڵەتی فیدراڵی:

بیرمەندی سیاسی ئەمریکی "ویليام ريكەر" (William Riker) لە بارەی چەمکی فیدراڵیەوە دەڵێت: "فیدراڵییەت ڕێکخستنێکی سیاسییە، کە تیایدا کارەکانی حکومەت لە نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمەکان دابەش دەکرێت. بە شێوەیەک کە هەر یەك لەم حکومەتانە بەشێك لە کارەکان بەڕێوە دەبەن و، دەتوانن بڕیاری یەکلاکەرەوە لەو بارەیەوە بدەن" (أمين ٢٠٠٦، ص٢١). هەر لەم بارەیەوە (د. محەمەد عومەر مەولوود) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فیدراڵییەت ڕێکخستنێکی سیاسی و دەستووری نێوخۆیی ئاوێتەیە، بەو پێیە چەند دەوڵەتێکی ئەندام یاخود چەند ویلایەت و هەرێمێک دەچنە ژێر باری دەوڵەتێکی یەکگرتووی لە خۆیان بەرزتر. ئەم ڕێکخستنە دوو ڕووی هەیە، یەکێکیان دەرەکییە، کە وەك یەك دەوڵەت لە گۆڕەپانی دەرەوە خۆی پیشان دەدات، ئەویتر ڕوویەکی ناوخۆییە کە بریتییە لە پێکهاتەی چەند قەوارەیەکی دەستووری کە بەشداری لە پیادەکردنی سەروەری ناوخۆیدا دەکەن (مولود ٢٠٠٠، ص٢٣٦). وە پسپۆڕی بواری یاسای دەستووری عێراق (د. منذر الشاوي) دەڵێت: "دەوڵەتی فیدراڵی پێکدێت لە یەکگرتنی ژمارەیەک دەوڵەت، هەرێم و ویلایەت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێی یەکگرتوو، کە ئەو دەوڵەتە نوێیە دەستوورێکی دەبێت کە دەسەڵات و بەرپرسیاریەتیەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان ئەو دەوڵەت و هەرێم و ویلایەتانە دابەش دەکات. هەر هەرێم ویلایەتێکیش دەستوور، دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری تایبەت بە خۆی دەبێت، دەستووری فیدراڵیش دەسەڵاتەکان لە نێوان هەرێم و ناوەند دیاریدەکات" (الشاوي ١٩٨١، ص٥٣). هەروەها بیرمەندی سیاسی ئەمریکی و دامەزرێنەری "سەنتەری لێکۆڵینەوە لە فیدراڵییزم" (CSF) "دانیاڵ ئەلیزار" (Daniel J. Elazar)، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەوڵەتی فیدراڵی قەوارەیەکە بە یەکگرتنی ئارەزوومەندانە دادەمەزرێت، بۆ ئەمەش پێویستی بە بوونی هەستی بەشداریکردن لە نێوان قەوارە پێکهێنەرەکانیدا هەیە تا ئەوەی دەگاتە دروستکردن و چەسپاندنێکی بەهێزی ناسنامەی نیشتمانی (حەسەن ٢٠١٧، ل١٠١).

بەگشتی دەکرێت پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی بەو دەوڵەتە بکەین، کە تیایدا دەسەڵات و پرۆسەی سیاسی لە نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمەکان دابەشبووە، کە ئەمەش لەسەر دوو تایبەتمەندیی سەرەکی دروستبووە؛ ئەوانیش سەربەخۆیی هەرێمەکان

و بەشداریکردنیایە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدراڵ. واتە فیدراڵییەت بەشداریپێکردنی هەرێمەکانە لە پرۆسەی سیاسی لەسەر ئاستی دەوڵەت و، بوونی تایبەتمەندیی هەرێمییە بۆیان؛ ئەو تایبەتمەندییەیش لە میانەی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریدا ڕەنگدەداتەوە. بەم شێوەیەش دەوڵەتی فیدراڵی جۆرێکە لە جۆرەکانی دەوڵەتی ئاوێتە کە لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان چەند هەرێمێك یان گۆڕانکاری لە پێکهاتەی یەکە کارگێڕییە ناوەندییە هەرێمییەکان بۆ یەکەی سیاسی پێکدێت، لە ڕێگەی ڕێکەوتنی دەستوورییەوە، لە میانەی ئەو ڕێککەوتنە دەستوورییەشدا تایبەتکارییەکان لە فەرمانڕەوایی دابەشدەکرێت بۆ دوو ئاست، یەکێکیان دەرئەنجامی بەشداریی هەرێم و دەوڵەتە پێکهێنەرەکانە کە بەئاستی فیدراڵی دەناسرێت و، ئاستی دووەمیان دەرئەنجامی سەربەخۆیی پێکهێنەرەکانە کە بەئاستی هەرێمەکان دەناسرێت.

لە ئێستادا زیاتر لە ٢٨ دەوڵەتی دونیا پەیڕەوی لە سیستەمی فیدراڵی دەکەن، کە بە نزیکەیی لە ٤٠٪ی هەموو دانیشتوانی جیهان پێکدێنن. هەر ئەو دەوڵەتانەیش توانیویانە بۆ زیاتر بایەخدان بە سیستەمی فیدراڵی، فیدراسیۆنێکی تایبەت بە خۆیان لە ساڵی ١٩٧٧وە بە ناوی "فیدراسیۆنی فیدراڵیی نێودەوڵەتی" (IACFS) دروست بکەن و، چەندان سەنتەر و خانەی لێکۆڵینەوەیان لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا کردۆتەوە؛ لە بەناوبانگترینیان سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیدراڵی لە "زانکۆی تمبل" (Temple University) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ لەسەر ئاستی دونیایش زیاتر لە ٢٢ سەنتەریان بۆ ئەو مەبەستە هەیە لە پازدە دەوڵەتی پێنج کیشوەرەکەدا؛ ساڵانەیش لەبارەی بابەتە فیدراڵییەکانەوە کۆنفرانسی تایبەت ساز دەدەن و پشتگیریی هەر دەوڵەتێکیش دەکەن کە سیستەمی فیدراڵی جێبەجێ بکات (محیەدین ٢٠٢١).

## ٢-١ ناساندنی چەمکی هەرێمە فیدراڵییەکان:

هەرچی سەبارەت بە ناساندنی چەمکی هەرێمە فیدراڵییەکانە وەک پێکهاتە و پێکهێنەرێکی سەرەکی دەوڵەتە فیدراڵییەکان، دەبینین لە نێو توێژینەوەکانی توێژەرانی ئەم بوارەدا چەندین دەستەواژەی بۆ داتاشراوە، وەکوو چەمکی (ویلایەت/ State) کە بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی فیدراڵییەتی وڵاتانی (ئوستراليا، برازیل، ئیتیۆپیا، مالیزیا، هندستان، مەکسیک، نیجێریا و ئەمریکا) بەکاردێت. لە بەرانبەریشدا چەمکی (پارێزگاکان، مقاطعات/ Provinces) بۆ یەکە فیدراڵییەکانی وڵاتانی (ئارژانتین، کەنەدا، پاکستان و ئەفریقای باشوور) بەکاردێت، لەگەڵ ناوزەندکردنی هەرێمە فیدراڵییەکانی وڵاتانی (نەمسا و ئەڵمانیا) بە (لاندر/ Lander) و، سویسرا بە (کانتۆن/ Canton) و، بەلجیکا و عێراق بە (هەرێم/ Region) و، ڕووسیا بە (کۆمارەکان/ Republics) (أندرسون ٢٠٠٧، ص٣).

چەمکی هەرێمە فیدراڵییەکان گوزارشتە لەو ناوچانەی کە فاکتەری مێژوویی، نەتەوەیی، سیاسی و ئاینی تێیاندا بە جۆرێك گەشەی سەندووە وایکردوە هێڵێکی جیاکەرەوە و سیفەت و خاسیەتی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەبێت. وە هەستکردن بەپێکەوەیی مرۆڤەکان لەو هەرێمەدا لە ئاستێکی بەهێزدایە. جیاوازیە ئیتنی و مێژووی و سیاسیەکان لە ناوچە جیاجیاکان و کۆبوونەوەیان و، بوونی هەرێمی تایبەت بەخۆیان ئەو پێویستیە دەخوڵقێنێت کە بەپێی خاسیەتە تایبەتەکانی خۆیان مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵدا بکرێت. ئەم هۆشمەندیە بە ناوچە و کلتووری تایبەت بەناوچە کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی سیاسەت و دەزگاکانی دەوڵەت و ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی. دەکرێت چەند هەرێمێك لە چوارچێوەی دەڵەتێکدا پێکبێن و مافی دەستووریان دانی پێدابنرێت و یەك حاڵەت "ساتوس" و خاسیەت و تایبەتمەندیان هەبێت، لە نموونەی ئەو هەرێمانەی لە وڵاتە فیدراڵییەکانی بەلجیکا و ئیسپانیا و عێراق و .... هتد، بوونیان هەیە (مێرڤالد ٢٠٠٥، ل٢٧).

سەبارەت بە پێناسە و ناساندی چەمکی هەرێمە فیدراڵییەکان لە نێو پەرتووک و سەرچاوەکاندا بەم چەشنە گوزارشتی لێکراوە: هەرێمە فیدراڵییەکان ئەو یەکە یاسایی و سیاسییە نیمچە سەربەخۆیانەن، کە خاوەنی تایبەتمەندی هەرێمی و نەتەوەی، یاخود ژیاری، زمان، کلتوور و مێژوو، وە یانیش پێگە و باری سیاسی تایبەت بە خۆیانن. لە ڕێگەی دەستوورەوە دەسەڵاتەکانیان دەستنیشان دەکرێت و، بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتانەش کاروبارە ناوخۆی و دەرەکیەکانیان بەڕێوەدەبەن و، پیادەی جۆرێک لە جۆرەکانی مافی چارەی خۆنوسین دەکەن (بەرزنجی

٢٠٠٨، ل١٩). بەمجۆرە دەبینین لە تەواوی ئەو دەوڵەتانەی کە پەیڕەوی لە سیستەمی فیدراڵی دەکەن، هەرێمەکان یەکەیەکی فەرمانڕەوایی بچووکن لەناو یەکەیەکی فەرمانڕەوایی گەورەدا؛ بەوەی کە بچووک تەواوکەری گەورەیە و بەپێچەوانەوە.

## ٢- قوتابخانەی ریالیزم و هەرێمە فیدراڵییەکان:

ریالیزم قوتابخانەیەکی گرنگە لەنێو زانستی سیاسیی بەگشتی و، تیۆرییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی. بە شێوەیەکی گشتی ئەم قوتابخانەیە بەسەر دوو لقی سەرەکیدا دابەش دەبێت، ئەوانیش: "ریالیزمی کلاسیك" و "ریالیزمی نوێ". ئەم بەشە بە شێوەیەکی ورد و، لە چوارچێوەی سێ باسدا تیشک دەخاتە سەر پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە گۆشەنیگای قوتابخانەی ریالیزم. بە جۆرێک لە باسی یەکەمدا باس لە تیۆری ریالیزمی کلاسیك دەکەین و، باسی دووەمیش تەرخاندەکەین بۆ قسەکردن لەسەر ریالیزمی نوێ، باسی سێیەم و کۆتایش تەرخاندەکەین بۆ قسەکردن لەسەر پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە گوشەنیگای قوتابخانەی ریالیزم بەهەردوو لقەکەیەوە.

### ١-٢ تیۆری ریالیزمی کلاسیک (Classical Relists Theory):

ریشەی تێڕوانینەکانی تیۆری ریالیزمی کلاسیك بۆ بنەما هزرییەکانی هەر یەکە لە فەیلەسوف و مێژوونووسی یۆنانی "ثیوسیدێدس" (Thucydides) لە کتێبی "مێژووی جەنگی پیلۆپۆنیز" (History of the Peloponnesian War) و، فەیلەسوفی ئیتاڵی "نیکۆلۆ مەکیاڤێلی" (Niccolò Machiavelli) لە پەرتوکی "میر" (The Prince) و، بیرمەندی ئینگلیزی "تۆماس هۆبز" (Thomas Hobbes) لە کتێبی "لیڤیاسان" (Leviathan) دەگەڕێتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی لە سەردەمی مۆدێرندا بە دید و تێڕوانینی زیاترەوە لەلایەن مێژوونووسی ئەڵمانی "کارل کلاوزڤیتز" (Karl Clousewitz)، بیرمەندی ئەمریکی "هانس مۆرگێنتاو" (Hans Morgenthau) و، سیاسەتوانی ئەمریکی "هێنری کیسنگەر" (Henry Kissinger) درێژەی پێدراوە (Donnelly 2009).

روانگەی ریالیزمی کلاسیک لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنراوە کە دەوڵەتان لە رێگەی مرۆڤەکانەوە رێبەرایەتی دەکرێن، ئەم مرۆڤانەش لە ناخی خۆیاندا شەڕەنگێزن و، بەدوای بەدەستهێنانی هێزەوەن، ئەمەش هۆکاری ململانێ و جەنگە. هەروەها لەبەرئەوەی هیچ هێزێکی باڵادەست لە ئاستی سەروتر لە دەوڵەت بوونی نییە، بۆیە سیاسەتی جیهانی سیستەمێکە لەسەر بنەمای "هێز" (Power) و، "بەرژەوەندی نەتەوەیی" (National Interest) و، "پشت بەخۆبەستن" (Self-Help) دامەزراوە، کە تیایدا دەوڵەتان پشت بەهێزی لەشکری خۆیان دەبەستن، بەمەش دڵەڕاوکێی ئاسایشی (Security Concern) و نادڵنیایی (Unreliability) بەسەر ئەم ژینگە نێودەوڵەتی و جیهانییەدا زاڵە (قادر ٢٠١٩، ل١٨).

لێرەوە دەکرێت گرنگترین گریمانە تیۆرییەکانی روانگەی ریالیزمی کلاسیک بۆ ئەم چەند خاڵە بگەڕێنینەوە، کە بریتیین لە:

١. سروشتی شەڕەنگێزی مرۆڤ: بیرمەندانی تیۆری ریالیزمی کلاسیك پێیانوایە، مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی شەڕەنگێزە و، حەز و ئارەزووی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەیە. لە هەمانکاتدا هەموو مرۆڤێك بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی رەفتار دەکات و، بەرژەوەندییەکانی خۆی پێش بەرژەوەندی ئەوانی تر دەخات. لێرەوە بەهۆی بوونی بەرژەوەندیی جیاوازەوە ململانێ دروست دەبێت. لەم گۆشەنیگایەوە تیۆری ریالیزمی کلاسیك گریمانەی ئەوە دەکات هاوشێوەی تاکەکان دەوڵەتانیش هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان دەدەن، کە زۆر بە سادەیی دەکرێت پێناسەی بەرژەوەندی نیشتمانی بکرێت لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هێز لە پێناو مانەوەدا (الغندور ٢٠٠٩، ص٩٥). بەمجۆرە تیۆری ریالیزمی کلاسیك لە رێگەی جەختکردنەوە لە سروشتی مرۆڤ، رەفتاری دەوڵەتان لە سیستەمی نێودەوڵەتییدا شیکار دەکات.

٢. هێز وەک ئامرازی مانەوە: لە روانگەی ریالیستەکانەوە، هێز گونجاوترین ئامرازی مانەوەی دەوڵەتان و، دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیەتی. هانس مۆرگێنتاو لە کتێبی "سیاسەتی نێوان نەتەوەکان" (Politics Among Nations)، سیاسەتی نێودەوڵەتی بە کێبڕکێی هەتاهەتایی و


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سروشتیی بۆ بەدەستهێنان، پاراستن و پەرەپێدان بە هێز پێناسە دەکات. لە دیدی مۆرگێنتاوەوە سیاسەتی نێودەوڵەتیی، بریتییە لە سیاسەتی هێز (مورجنتاو ١٩٦٥، ص٩٥). وە مۆرگێنتاو پێی وایە سەرچاوەی رەفتاری مرۆڤ هێزە، بە جۆرێک ئەگەر فەیلەسووفی یۆنانی "ئەرستۆ" (Aristotle) وەسفی مرۆڤی بەوە کردبێت کە گیانلەبەرێکی سیاسییە، ئەوا مۆرگێنتاو وەسفی مرۆڤ دەکات بەوەی کە گیانلەبەرێکە بە شوێن هێزدا دەگەڕێت (فەرەج ٢٠١٨، ل١٦٢). بۆیە هێزخوازیی دیاردەیەکی سروشتیی و نەگۆڕە. دەوڵەتانیش هاوشێوەی مرۆڤەکان، هەوڵی بەدەستهێنانی هێز و بەرژوەندییەکانی خۆیان دەدەن. بەمجۆرە پێگەی دەوڵەتان لە شانۆی نێودەوڵەتییدا بەپێی هێزی بەردەستیان دەستنیشاندەکرێن. بەمەش تێکرای ریالیستە کلاسکییەکان، هێز بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنێن لە پەیوەندییە نێودەڵەتییەکاندا و، پێیان وایە هێزخوازیی بۆتە حەقیقەتی سیاسەتی جیهانیی.

٣. فەوزا تایبەتمەندی سیستەمی نێودەوڵەتییە: لە دیدی ریالیستە کلاسکییەکانەوە ئەنارشێتی سیمای سەرەکی سیستەمی نێودەوڵەتییە. بەو واتایەی کە دەسەڵاتێکی باڵا لە سەروی دەوڵەتانەوە نییە. راستە دەوڵەتەکان لە رووی سەروەرییەوە یەکسان و هاوشانن. بەڵام ئەوەی کە جیایان دەکاتەوە، رێژەی هێزی بەردەستیانە. لەم دۆخە ئەنارشییەدا، شەڕ و ململانێ تایبەتمەندی هەمیشەیی سیستەمی نێودەوڵەتییە (دونللي ٢٠١٤، ص٥٥).

ئەم وێناکردنەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بە دۆخی ئەنارشی، بۆ بۆچوونەکانی تۆماس هۆبز دەگەڕێتەوە. هۆبز لە کتێبی لیڤیاسان، باس لە ژیانی مرۆڤ لە قۆناغی پێش دامەزراندنی دەوڵەت دەکات و، پێی وایە مرۆڤەکان لە دۆخی سرووشتیدا هیچ سنوورێک بۆ کردەوەکانیان نییە. لەم دۆخەدا ناوەرۆکی ژیانی سیاسیی بریتییە لە شەڕی هەمووان دژی هەمووان. هۆبز دەڵێت: مرۆڤەکان بۆ رزگاربوون لەم دۆخە گرێبەستێک لەنێوان خۆیان واژۆ دەکەن بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی باڵا دابمەزرێنن لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی هەمووان. ئەوەش دەبێتە بنەمای سەرهەڵدانی دەوڵەت یاخود دەسەڵاتی باڵا لەناو کۆمەڵگادا. بەڵام لە روانگەی هۆبزەوە، لە دەرەوەی کۆمەڵگاکاندا لە شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەوە روو نادات و ئەستەمە هیچ جۆرە گرێبەستێک بێتە ئاراوە، بۆیە ئەو شانۆیە فەوزا بەسەریدا زاڵە (هۆبز ٢٠١٦، ل٧٨). واتە دەسەڵاتێک لە سەرووی گەمەکەرەکان لە ئارادا نییە کە ئاسایشیان دابین بکات، ئەوەش وا دەکات ململانێ و شەڕ بەردەوام رووبدات.

٤) دەوڵەت وەک ئەکتەری سەرەکی: یەکێکی دیکە لە گریمانەکانی تیۆری ریالیزمی کلاسیک ئەوەیە کە دەوڵەتان تاکە ئەکتەری نێو سیاسەتی جیهانیین. لەم نێوەندەشدا رۆڵی هێزە گەورەکان گرنگترە. بۆیە ئەو دەوڵەتانە بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتییدا زاڵن کە رێژەیەکی زیاتر هێزیان لە بەردەستە (کۆمەڵێک نوسەر ٢٠١٩، ل٢٤). واتە بە بڕوای ریالیستە کلاسیکەکان دەوڵەتان تاکە ئەکتەری گۆڕەپانی جیهانیین کە بەدوای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیانەوەن.

٢-٢ تیۆری ریالیزمی نوێ (Neo-Realists Theory):

ریالیزمی نوێ یان نیۆریالیزم یان "ریالیزمی بونیادی یان پێکهاتەیی" (Structural Realism)، هاوشێوەی تیۆری ریالیزمی کلاسیک، هێز بە گرنگترین فاکتەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنێت. ئەم تیۆرە بۆ یەکەمجار لە لایەن بیرمەندی ئەمریکی "کێنت واڵتز" لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی" باسی لێوەکراوە (Elman 2007, p13). واڵتز بۆ شرۆڤەکردنی رەفتاری وڵاتان، گرنگی بە "بونیاد یان پێکهاتە" (Structure)ی سیستەمی نێودەوڵەتی دەدات و پێی وایە سروشتی مرۆڤەکان ناتوانێت بنەمایەک بێت بۆ خوێندنەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بۆیە باس لە گرنگی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی دەکات کە یارمەتیدەرە بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی رەفتاری وڵاتان (Waltz 2003, p29).

لە دیدی واڵتزەوە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، پێکهاتەیەکی ئەنارشی و نائارامە. بەو واتایەی کە دەسەڵاتێکی ناوەندیی لە سەرەوەی دەوڵەتەکان بوونی نییە. بە لەبەرچاوگرتنی ئانارشی و نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەرک و هەوڵی سەرەکی دەوڵەتەکان دابینکردنی ئاسایشی خۆیانە. هەروەها واڵتز پێی وایە کە شێوازی دابەشبوونی هێز لە نێوان دەوڵەتەکاندا جیاوازە، چونکە تاکە

فاکتەرێک کە دەبێتە هۆی جیاوازی لە نێوان دەوڵەتەکان، ڕێژەی هێزی بەردەستیانە (Waltz 2003, p30). کەوابێت شێوازی دابەشبوونی هێز ڕۆڵێکی سەرەکی لە تێگەیشتن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی دەگێڕێت. لێرەوە دەکرێت گرنگترین گریمانە تیۆرییەکانی ڕوانگەی ڕیالیزمی نوێ بۆ ئەم چەند خاڵە بگەڕێنینەوە (إلياس و ستش ٢٠١٦، ص ص٧٢و٧٣):

١. دەوڵەتان ئەکتەری سەرەکی، یەکگرتوو، ڕێکخراو و عەقڵانین لە سیاسەتی جیهانییدا.

٢. ئەنارشیەتی نێودەوڵەتی بەشدارییەکی سەرەکی دەکات لە دروستکردنی ڕەفتار و، دیاریکردنی هەڵسوکەوتی دەوڵەتاندا.

٣. دەوڵەتان لە دۆخی فەوزا و نائارامیدا، بە کۆکردنەوەی زیاتری هێزەوە سەرقاڵن، چونکە لە ململانێ و کێبڕکێی بەردەوامدان و، مەیلیان بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتریدا نییە.

٤. هێز سەرچاوەی سەرەکی سیاسەتە نێودەوڵەتییەکانە و، جەنگ و ململانێ ئەگەرێکی کراوەیە لە سیستەمی جیهانییدا و، هاوسەنگی هێزیش (Balance of Power) تا ئێستا بژاردەیەکی گونجاوە بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی.

٥. ڕیالیزمە نوێیەکان پێیان وایە دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان، ڕۆڵێکی لاوەکیان لە فەراهەمکردنی دەرفەتی هاوکاریکردن لە نێوان دەوڵەتاندا هەیە. بەتایبەت لە پرسە سەربازی و ئەمنییەکاندا. بۆیە بە تێڕوانینی ڕیالیزمە نوێیەکان ئەو دامەزراوانە ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی هێزن لەسەر ئاستی جیهان و، کەمترین کاریگەریشیان لە سەر ڕەفتاری دەوڵەتان هەیە.

بەگشتیی، دەکرێت بڵێین کە ڕیالیزمی نوێ تیشکی تەواوی لە سەر بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتییە. بەم هۆیەشەوە گریمانەی ئەوە دەکات ڕەفتاری دەوڵەتان دەرئەنجامی بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتییە نەك تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانی دەوڵەت و سروشتی مرۆڤەکان بێت.

لە خوێندنەوەمان بۆ هەردوو ڕوانگەی ڕیالیزمی کۆن و نوێ، دەکرێت بڵێین جیاوازی سەرەکی لە نێوان هەردوو تیۆرەکەدا ئەوەیە کە ڕیالیزمی کلاسیکی ململانێ لەسەر هێز و دەسەڵات دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ، بەڵام ڕیالیزمی نوێ گریمانەی ئەوە دەکات کە ململانێ لەسەر هێز بەرەنجامی بونیادی سیستەمی نێودەوڵەتییە نەک سروشتی مرۆڤ.

٢-٣ پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە تیۆری ڕیالیزمدا:

تەواوی ڕیالیستەکان بە کلاسیک و نوێیەکانەوە لەسەر سێ ڕەگەز و پرێنسیپی سەرەکی کۆکن، کە قوتابخانەی ڕیالیزمی لەسەر بنیاتنراوە، کە ئەوانیش بریتیین لە (بە سەنتەر بوونی دەوڵەت، مانەوە وەک ئامانجی سەرەکی دەوڵەت و پشت بە خۆبەستن)، کە لێرەدا ئاماژەییان پێدەدەین (الصواني ٢٠١٣، ص ص٨٤ ٩١):

١. دەوڵەت سەنتەری (Statism): ڕیالیستەکان پێیانوایە دەوڵەت ئەکتەری سەرەکییە لەسەر شانۆی سیاسی نێودەوڵەتی. لە دیدی بیرمەندانی قوتابخانەی ڕیالیزمدا دەوڵەت وەك چەقی هەموو گرنگییەکان لەلایەک و، سەروەری و هێزیش وەك داینەمۆی دەوڵەت لە لایەکی ترەوە سەیر دەکرێت. واتە ڕیالیزم گرنگیەکی زۆر بە دەوڵەت دەدات و، پێیوایە کە دەوڵەت بەرزترین دەسەڵاتە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

٢. مانەوە (Survival): تەواوی ڕیالیستەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئامانجی سەرەکی دەوڵەتان مانەوەیە و، مانەوە وەك مەرجی پێشوەختە دەبینن بۆ بەدەستهێنانی تەواوی ئامانجەکانی دیکەیان.

٣. پشت بەخۆ بەستن (Self-Help): لە سایەی ئەنارشیەتی سیستەمی نێودەوڵەتییدا، پرێنسیپی سەرەکی کارکردن و هەڵسوکەوتی دەوڵەتان بریتییە لە پشت بەخۆ بەستن. بە جۆرێک هەمووان دەبێت خۆیان، خۆیان بپارێزن، چونکە لە ژینگەیەکدان کەوا حکومەتێکی جیهانی نییە ئاسایش بۆ هەموو دەوڵەتان وەکویەک دابینبکات، بەڵکو دەوڵەتان دەبێت خۆیان ئاسایش بۆ خۆیان دابینبکەن.

لە خوێندنەوەمان بۆ ئەو پرنسیپانە دەکرێت بڵێین کەوا پێگەی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە نێو قوتابخانەی ڕیالیزم، بۆ دوو ئاست و ئاراستە دابەشبووە. ئاراستەی یەکەم؛ کە خۆی لە بۆچوونەکانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیک دەبینێتەوە، کە پێیان وایە دەوڵەتان تاکە ئەکتەری سەرەکی نێو گۆڕەپانی نێودەوڵەتین (بیلیس و سمیث ٢٠٠٤، ص٢٤٩). بەمەش ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە نێویشیاندا هەرێمە فیدراڵییەکان هیچ


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

پێگە و ڕۆڵێکیان لە سیاسەت و سیستەمی نێودەوڵەتیدا نییە.

ئاراستەی دووەم؛ کە بە بۆچوونی تیۆری ریالیزمی نوێ ناوزەد دەکرێت، پێیان وایە لە پاڵ دەوڵەتان کە ئەکتەری سەرەکی و عەقڵانین، ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش لە سیستەمی جیهانییدا بوونیان هەیە وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (عودة ٢٠٠٥، ص٤٨). بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە مەبەستی ریالیستە نوێیەکان لە ئەکتەری نادەوڵەتیی، تەنها ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە، نەک هەموو ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ریالیستە نوێیەکان پێیان وایە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان ئامرازێکن بەدەست دەوڵەتانەوە کە بەکاریاندەهێنن بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیان و و پاراستنیان. بەگشتی قوتابخانەی ریالیزم بە هەموو ڕێچکە و ئاراستەکانیەوە پێی وایە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بەگشتی و، هەرێمە فیدراڵییەکان بە تایبەتی پێگە و ڕۆڵی گرنگیان لە سیستەم و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا نییە.

## ٣- قوتابخانەی لیبراڵیزم و هەرێمە فیدراڵییەکان:

ریشەی تێڕوانینەکانی قوتابخانەی لیبراڵیزم لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گەشبینیەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریی لە سەدەی هەژدە و لیبراڵیزمی ئابووری لە سەدەی نۆزدە و ئایدیالیزمی وێلسۆنی لە سەدەی بیست دەگەڕێتەوە. کە زیاتر گرنگیان بە سڕینەوەی شەڕ و هێنانەدی ئاشتی دەدا. ئەم بەشە لە شەش باسدا تیشک دەخاتە سەر قوتابخانەی لیبراڵیزم و هەرێمە فیدراڵییەکان. بە جۆرێک لە باسی یەکەمدا باس لە پرێنسیپەکانی لیبراڵیەت دەکەین، باسی دووەمیش تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر تیۆری نیۆلیبراڵیزم، باسی سێیەم و چوارەمیش بۆ باسکردنی تیۆری ئاشتیی دیموکراتی و لیبراڵیزمی بازرگانی تەرخانکراوە، لە باسی پێنجەمیشدا تیشک دەخرێتە سەر لیبراڵیزمی پێکەوەبەستراوەیی، لە باسی شەشەم و کۆتایشدا باس لە پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە گوشەنیگای قوتابخانەی لیبراڵیزم دەکەین.

### ٣-١ پرێنسیپەکانی لیبرالیزم (Principles of Liberalism):

لیبرالیزم؛ جیهانبینی و فەلسەفەیەکی سیاسییە، لەسەر بنەمای ئازادیی تاک دامەزراوە و، جەخت دەکاتەوە لە گرنگی پرێنسیپەکانی ئاوەزمەندیی، یەکسانی، ئازادی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین، بازرگانیی ئازاد، دابینکردنی مافە سروشتی و سیاسی و مەدەنییەکان، دیموکراسی، پێکەوەژیانی ئاشتییانە، سەروەریی یاسا و فرەیی ... هتد (البعلبكي ٢٠٠٦، ص٥٢٥).

ئینسکلۆپیدیای "الميسرة" بۆ زاراوە سیاسییەکان لە پێناسەی ئەم چەمکەدا دەڵێت: لیبراڵیزم گوزارشتە لە ریبازێکی تاکگەرایی و، چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ وەسفکردنی ژیانی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی لەو دەوڵەتانەی کە ئازادی تیایاندا باڵاترین بەهایە. وە جەخت دەکاتەوە لە ئازادی تاکەکەسی و، بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و، وەلانانی بەرژەوەندی تایبەتی (وەرگیراوە لە عبدالكافي ٢٠٠٦، ص٣٦١).

لایەنگرانی لیبرالیزم لەو باوەڕەدان کە بابەتە ئەخلاقییەکان، مافەکانی مرۆڤ و نۆرم و بەها باڵا مرۆڤایەتییەکان لە سیاسەتی جیهانییدا کاریگەریی بەرچاو دادەنێن، چونکە هەر وەک بیرمەندی فەرەنسی "ستانلی هۆفمان" دەڵێت کرۆکی لیبراڵیزم لە پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان خۆی لە جەختکردنەوە لە ئاشتی و دانوستاندن و تێگەیشتن دەبینێتەوە (Dunne 2001, p164).

بیرمەندی ئینگلیزی سەدەی حەڤدەیەم "جۆن لۆک" (John Locke) وەک دامەزرێنەری بیری لیبراڵیزم وێنا دەکرێت. لۆک لە کتێبی "دوو وتار لەسەر حکومەتی مەدەنی" (Two Treatises on Civil Government) باسی پرێنسیپەکانی لیبراڵیزم دەکات و، پێی وایە کە مرۆڤەکان، هەموو ئازاد، یەکسان، سەربەستن و، مافی ژیان و موڵکدارییان هەیە. وە بەپێی گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان نابێت حکومەت ئەم مافانە پێشێلبکات. لە دیدی (لۆک)ەوە دەسەڵاتی سیاسیی خاوەن شەرعییەت تەنها لە ڕەزامەندیی گەلەوەیە و، ئامانجی حکوومەتیش پاراستنی ژیان و ئازادی و سامانی هاونیشتمانیانە (لوك ١٩٥٩، ص١٩٥). وە بیرمەندی ئەمریکی "مایکڵ دۆیڵ" (Michael Doyle) دەڵێت: "لیبراڵیزم خاوەنی چەند پرەنسیپێکی سەرەکییە، کە خۆی لە ئازادیی بۆ تاکەکان، یەکسانی لەبەردەم یاسا و مافی خاوەندارێتی دەبینێتەوە، بە

جۆرێک تاک مافی ئەوەی هەبێت وەك بابەتێکی ئەخلاقی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نەك وەك ئامرازێك تەماشا بکرێت (Waltz ٢٠٠٣).

هەروەها دەتوانین شوێنەواری لیبراڵیزم لە پشتگیری بازاڕی ئازادیشدا ببینین، بە دیاریکراوی لای فەیلەسووفی سکۆتلەندیی "ئادەم سمیس" (Adam Smith) کەلە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "سامانی نەتەوەکان" (The Wealth of Nations) دا دەڵێت: ''باشترین ڕێگەی کۆمەڵگا بۆ وەبەرهێنانی سامان و گەشەسەندن، دابەشکردنی کارەکان و بڕیاری دەسەڵاتی خۆجێییە، بۆ ئەوەی کار بکەن بەو شێوەیەی دەیانەوێ'' (بەوز ٢٠٠٩، ل٣٦). واتە بە رای سمیس ململانێی بازاڕی ئازاد ڕێگەیەکە بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی هەموو خەڵک.

دەکرێت ئەم ڕەگەزانە وەک پرێنسیپەکانی لیبراڵیەت دیاری بکەین، ئەوانیش: یەکەم؛ تاکگەرایی: لە روانگەی ئەم بنەمایەوە تاک جەوهەری کۆمەڵگایە و، بەهای تاک لە سەروی بەهای گروپەکانەوەیە، هەربۆیە بەرژەوەندی کۆمەڵ بریتییە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندی تاک (منصور ٢٠٠٨، ص١٩٨). دووەم؛ گشتگیری: بەپێی ئەم بنەمایە تاکەکان هەوڵدەدەن بۆ بەدەستهێنانی سودە تایبەتییەکانیان و خۆشگوزەرانی و دوورکەوتنەوە لە ئازار، بۆیە هەموو تاکەکان یەک ماف و یەک ئەرکیان دەکەوێتە سەرشان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی مێژوویی و بۆماوەیی. سێیەم؛ گەشەسەندن: بیرۆکەی پەرەسەندنی کۆمەڵگا لە بۆچوونە سودخوازییەکانەوە هاتووە، کە هەردوو فەیلەسوفی ئینگلیزی "جێرمی بنتام" (Jeremy Bentham) و، "جۆن ستیوارت میل" (John Stuart Mill) لە پێشەنگەکانی ئەم تێزەن. لە روانگەی ئەمانەوە دەزگا و ڕێکخراو و دامەزراوەکان کاردەکەن بۆ خۆشگوزەرانی و بەختەوەری و پێشخستنی کۆمەڵگا (مجید ٢٠١٠، ص ص١٧٥ ١٧٦). چوارەم؛ ئازادی: ئەم پرێنسیپەش خۆی لە ئازادی بیروباوەڕ و دەربڕین، خاوەنداریێتی و کارکردن، ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان دەبینێتەوە. بە بۆچوونی بیرمەندی ئینگلیزی "ئیزایا بەرلین" (Isaiah Berlin) ئازادی واتای ئەوەیە مرۆڤ رزگاری ببێت لە کۆت و بەندەکانی هێزە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان و، مرۆڤ خۆی گەورە و سەرداری خۆی بێت و بڕیارەکانی پەیوەست بێت بە ئیرادەی خۆیەوە (هیود ٢٠١٢، ص٤٦). پێنجەم؛ یەکسانی: لای لیبراڵەکان یەکسانی واتە یەکسانی لە دەرفەتدا. شەشەم؛ عەقڵانییەت: بەو واتایەی عەقڵی مرۆیی هەست بە بەرژەوەندی و قازانجەکانی دەکات بێ ئەوەی پێویستی بە هێزێکی دەرەکی بێت تاوەکو ئەمەی بۆ دیاری بکات، لە هزری لیبراڵیدا عەقڵ سەرچاوەی مەعریفەیە و، تاکەکان لە ڕێگەی عەقڵەوە مافە سروشتییەکان دەناسن و، یاسا دانراوەکانیش دادەڕێژن (خلیل ٢٠١٦، ص١٦٠).

دەکرێت بڵێین لیبراڵیزم وەک ئایدیایەکی جیهانی، لەلایەکەوە لەسەر بنەمای ئازادی تاکەکەس و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و، لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر بنەمای بونیادنانی سیستەمێکی سیاسی راوەستاوە، بۆئەوەی بتوانێت پارێزگاریی لە ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بکات.

## ٣-٢ تیۆری نیۆلیبراڵیزم (Neoliberalism Theory):

ریشەی ئەم تیۆرییە بۆ هزری بیرمەندە لیبراڵەکانی وەک "دەیڤید میترانی" (David Mitrany)ی ئینگلیزی و "جۆن بۆرتۆن" (John Burton)ی ئەمریکی دەگەڕێتەوە. نیۆلیبراڵیزم بە "لیبراڵیزمی دامەزراوەگەرا" (Institutional liberalism)ش دەناسرێت. بە واتای ئەوەی کە بۆ بەرقەرارکردن و دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پێداگری لەسەر رۆڵی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات (قادر ٢٠١٩، ل٢٤). لێرەدا دەکرێت گرنگترین گریمانە تیۆرییەکانی روانگەی نیۆلیبراڵیزم لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ ئەم چەند خاڵە بگەڕێنینەوە:

١. ئەکتەرەکانی سیاسەتی جیهانی: لایەنگرانی تیۆری نیۆلیبراڵیزم نوێ پێیانوایە دەوڵەتان تاکە ئەکتەری سەرەکیی نین لە سیاسەتی جیهانییدا، بەڵکو ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش لە پاڵ دەوڵەتان بوونیان لە ژینگەی نێودەوڵەتییدا هەیە (بیلیس و سمیث ٢٠٠٤، ص٨). بەمجۆرە نیۆلیبراڵەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن هەروەک چۆن دەسەڵات بەشێوەیەکی لامەرکەزییانە دابەشکراوە لە ناوخۆی دەوڵەتاندا، بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش خراوەتە ژێر هەمان پرۆسەوە.

٢. رۆڵی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان: لیبراڵیزمی نوێ گریمانەی ئەوە دەکات کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان کاریگەریی بەرچاویان لە ئاسانکاری

و زەمینە خۆشکردن بۆ هاریکاری نێودەوڵەتی هەیە. بۆیە نیۆلیبراڵیزم دان بە رۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان وەك لایەنێکی گرنگ لە سیاسەتی جیهانییدا دەنێت، بەتایبەتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کە دەتوانرێت لە رێگەیانەوە هاوکاری نێودەوڵەتی و، ئاشتی و ئاسایش دەستەبەر بکرێت (فوکر ٢٠١٦، ص ص٢٩٥ ٢٩٧). بەگشتی ئەم رێبازەی ناو قوتابخانەی لیبراڵیزم جەخت لە رۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەکات و، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن پرۆسەی هاریکاریی لە نێوان دەوڵەتاندا ئاسان بکەن.

٣. دۆخی ئەنارشی: نیۆلیبراڵیزمەکان دۆخی نائارامی و ئەنارشیەتی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی قبووڵ دەکەن. بەڵام بڕوایان وایە ئەمە بەو مانایە نییە کە دەوڵەتان نەتوانن پێکەوە کار بکەن. بەڵکو لە روانگەی ئەوانەوە دامەزراوەکان و رژێمە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن هاوکاری یەکتر بن و، ئاشتی و سەقامگیرییش بەدیبهێنن (عقیل ٢٠١٥، ص١٠٨). بۆیە لیبراڵیستە نوێیەکان لەلایەکەوە پێداگری لەسەر رۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە دروستکردنی ئاشتی و سەقامگیریی لە سیاسەتی جیهانییدا دەکەنەوە. لەلایەکی ترەوە پێیانوایە دەوڵەتان کەمتر گرنگی بە هێز و ئاسایش دەدەن، لەبەرئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەکی ناوەکی وایکردووە کە جۆرێک لە هاوسەنگی هێز دروست ببێت. زیاتر لەمەش زیادبوونی رێککەوتننامە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان وای لە دەوڵەتان کردووە کە زیاتر پشت بەیەك ببەستن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

٤. لایەنگرانی نیۆلیبراڵیزم پێیانوایە دەوڵەتە دیموکراتییە پێشکەوتووەکان دەوڵەتی خۆشگوزەرانن، ئەوان زیاتر بایەخ بە گەشەی ئابووریی دەدەن وەك لە هێز و ئاسایش، هەروەها دەوڵەتان سەیری یەکتر ناکەن وەك دوژمن بەڵکو وەك دۆست لە یەک دەڕوانن، ئەمەش پێویستە بۆ ئاسودەییەکی زیاتر و خۆشگوزەرانییەکی باشتر بۆ هاونیشتمانییەکانیان (الغندور ٢٠٠٩، ص٩٤).

بەگشتیی، لیبراڵیزمی نوێ گریمانەی ئەوە دەکات کە دەرفەتی گۆڕانکاری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بوونی هەیە و، بەرزبوونەوەی رۆڵ و کاریگەرییەکانی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش لە دوای جەنگی سارد لەگەڵ خۆیدا پێویستی فراوانکردنی روانگە هزرییەکانی قوتابخانەی ریالیزمی هێنایە کایەوە کە تەنها دەوڵەتی بە کارەکتەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دادەنا.

## ٣-٣ تیۆری ئاشتیی دیموکراتی (Democratic Peace Theory):

هەندێکجار زاراوەی "لیبراڵیزمی کۆماریی" (Liberal Republican) لە جێگای چەمکی ئاشتیی دیموکراتی بەکاردەهێنرێت. ئاشتیی دیموکراتی رێچکەیەکی تیۆرییە لە نێو قوتابخانەی لیبراڵیزم، کە راڤە و شیکردنەوەکانی لە دەوری ئەو گریمانەیە دەسوڕێتەوە کە پێی وایە دەوڵەتە دیموکراتییەکان لە پەیوەندییەکانیاندا هێز لە دژی یەکتری بەکارناهێنن و بەم هۆیەشەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندییەکی دۆستانە و ئاشتییانەیە (فرج و عثمان ٢٠١٣، ص١٥٨).

مێژووی تێڕوانینەکانی تیۆری ئاشتیی دیموکراتی بۆ بۆچوونەکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی "ئیمانوێل کانت" (Immanuel Kant) دەگەڕێتەوە. کانت بەهۆی بڵاوکردنەوەی شاکارە گرنگەکەی بەناونیشانی "ئاشتی هەمیشەیی" (Perpetual Peace) لە ساڵی ١٧٩٥، بە پێشەنگی تیۆری ئاشتیی دیموکراتی لەلایەن لایەنگرانی ئەم تێزەوە سەیردەکرێت. لە نووسینەکەیدا کانت هەندێک میکانیزمی سەرەکیی وەك پێش مەرج بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە نێو دەوڵەت و کۆمەڵگاکاندا دیاریکردبوو، ئەوانیش (کانط ٢٠٠٩، ص ص١٣ -١٥):

١. بۆ بەدیهێنانی ئاشتی هەمیشەیی هەبوونی حکومەتێکی کۆماریی لە سەر بنەمای دەستوورێکی مەدەنی یەکێکە لە پێداویستییەکان، یان فۆرمێکی حکومەت کە لەسەر بنەمای دەستوورێکی کۆماریی دامەزرابێت.

٢. بوونی بازرگانیی ئازاد، بازرگانیی ئازاد بە بۆچوونی کانت نەتەوە جیاوازەکان لە دەوری پرۆژەیەکی گشتی و ئاشتیخوازانە کۆدەکاتەوە. نەتەوە و گەلە جیاوازەکان بە هۆی پەیوەندی و بەریەککەوتنی بازرگانییەوە، بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی خۆیان بۆ ئاشکرا دەبێت و هەست بە بەرژەوەندییە سەرەکییە نیشتمانییەکانیان دەکەن. لەمەش زیاتر، کانت پێیوایە گیانی بازرگانی و جەنگ پێکەوە ناگونجێن.

٣. دروستکردنی یەکێتییەك، یاخود رێکخراوێکی کیشوەریی یان جیهانیی. بەمجۆرە کانت پێی وایە دروستکردنی فیدراسیۆنێکی نێودەوڵەتی

ڕێگەخۆشکەرە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

٤. ڕێگە بە دەوڵەتێک نادرێت لە ڕێگەی یاسای بە میراتکراو، یان لە ڕێگەی مامەڵە و گۆڕینەوە و بەخشین، خاکی وڵاتێکی تر زەوت بکات.

٥. پێویستە بەتێپەڕبوونی کات، سوپای هەمیشەیی بەتەواویی هەڵبوەشێنرێتەوە.

٦. هیچ دەوڵەتێک مافی ئەوەی نییە، لە میانەی هێزەوە دەستدرێژی بکاتە سەر خاکی وڵاتێکی تر، یاخود دەستوەردان لە کاروبار و دەستوور و سیستەمی وڵاتێکی تر بکات.

تیۆری ئاشتیی دیموکراتی بەشێوەیەکی سەرەکیی لەسەر ئەو بانگەشەیە وەستاوە کە پێیوایە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان فۆڕمی حکومەت و دیاردە نێودەوڵەتییەکان هەیە. لەم ڕووەوە بیرمەندی ئەمریکی فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی "کۆتایی مێژوو و کۆتا مرۆڤ" (The end of history and the last man)، باس لەوە دەکات کە پەیوەندییەکی دروست لە نێوان فۆڕمی حکومەت و دیاردە و بەرئەنجامە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە. پێی وایە هەرگیز دەوڵەتێکی دیموکراتی لەگەڵ دەوڵەتێکی تری دیموکراتیدا نەچووەتە جەنگەوە (فوکویاما ١٩٩٣، ص٢٦٣) بۆیە لایەنگرانی تێزی ئاشتیی دیموکراتی پێیانوایە بڵاوبوونەوەی دیموکراتیی کاریگەرییەکانی ئەنارشیەتی نێودەوڵەتی ناهێڵێت.

بەگشتی، تێزی ئاشتی لە ڕێگەی دیموکراتییەوە لەسەر دوو لۆجیکی سەرەکی وەستابوو، لۆجیکێك کە سروشتی ئاشتیخوازانەی دەوڵەتە دیموکراتییەکان دەبەستێتەوە بە دامەزراوە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتانە، لەکاتێکدا لایەنگرانی لۆجیکی دووەم پێیانوابوو هۆکاری ئاشتی نێوان دەوڵەتە دیموکراتییەکان بۆ بیروبۆچوون و نۆرم و بەها قبووڵکراو یاخود زاڵەکانی دیموکراتییەت دەگەڕێنێتەوە (کانط ٢٠٠٩، ص٥٨). بەگشتی لایەنگرانی هەردوو ڕێچکەکە کۆك و تەبان لەسەر ئەوەی جیهانێك پێکهاتبێت لە دەوڵەتە دیموکراتییەکان جیهانێکی سەقامگیر و ئارامە. بەم چەشنە دەکرێت لە ڕێگەی بڵاوبووکردنەوەی دیموکراتییەوە زاڵبین بەسەر کێشەی جەنگ و ململانێی سەربازیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

### ٤-٣ تیۆری لیبراڵیزمی بازرگانیی (Commercial Liberalism Theory):

مێژووی ئەم تیۆرە بۆ تێڕوانینەکانی بیرمەندی ئابووری سکۆتلەندی "ئادەم سمیس" دەگەڕێتەوە لە کتێبی "سامانی نەتەوەکان"، سمیس لەو ئابووریناسە مۆدێرنیستانەی سەرمایەدارییە کە داکۆکی لە تاکگەراییەکی ئابووریانە دەکات. بڕوای وایە مرۆڤ لە دۆخی سرووشتیدا بەپێی ئاڵوگۆڕێکی ئازادی ئابووریانە دەگاتە مافە سرووشتییەکانی خۆی و، تاکەکان لە ئازادیی ئابوورییەوە تاکایەتی خۆیان دێننەدی، کاری حکومەت و دەوڵەت نییە ئەم ئازادییەیان لێ زەوت بکات (سمیث ٢٠٠٨، ص٣٨٤). واتە لە ژێر ڕۆشنایی بیروباوەڕەکانی ئادەم سمیسدا، کە جەختی لەسەر ئازادیی بازرگانی و ئازادیی کێبڕکێ دەکردەوە و، دژی دەستێوەردانی دەوڵەت بوو لە کایەی ئابووریدا، ئەم تیۆرە گەشەیکردووە.

لیبراڵیزمی بازرگانیی بە هۆکاری پتەوتربوونی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگاکان دادەنرێت. هەروەک ئابووریناسی ئینگلیزی "دەیڤید ریکاردۆ" (David Ricardo) باس لەوە دەکات کە بازرگانیی ئازاد و لیبراڵ هۆکاری گەشەی پیشەسازی، هاندانی داهێنان، بەدیهێنانی قازانج و بەرژەوەندی گشتیی دەبێت لە ڕێگەی زیادبوونی بەرهەمهێنانەوەبێت. بەڵام گرنگتر لەوە بە تێڕوانینی ریکاردۆ چەمکی یەکگرتنی نێوان خەڵکی جیهان و دروستبوونی کۆمەڵگای جیهانی دەبێت (ئەرگوشی ٢٠٢١، ل٧١). ئەمەش سەردەکێشێت بۆ پەیوەستبوونی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان و دروستکردنی جیهانێکی بێ شەڕ و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی یەکتر.

لیبراڵەکان ویستیان ئەوەیە کە بازرگانیی نێودەوڵەتی وەک سود و قازانجی دوو لایەنە تەماشا بکرێت نەک وەک گۆڕەپانێکی ڕکابەریی لەسەر بنەمای یەکتر سڕینەوە بۆ گەیشتن بە هێز و سامانێکی زیاتر. هەروەک سمیس دەڵێت: "ئەگەر هەر وڵات و کۆمەڵگایەک دەتوانێت باشتر لەوانی دیکە کاڵا بەرهەمبهێنێت یاخود هەناردەی بکات، ئەوا باشتر وایە وڵاتانی دیکە لەو وڵات و کۆمەڵگایانە کاڵا بکڕن و بازرگانیان لەگەڵدا بکەن" (سمیث ٢٠٠٨، ص٣٨٤). لێرەدا دەبینین لیبراڵێکی وەک سمیس بە توندی دژی سنووردارکردنی بازرگانیی ئازادی نێودەوڵەتی بووە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگاکاندا.

لە ئێستادا ئابووری و جوڵەی بازرگانیی بووە بە هۆکارێکی سیاسیی گرنگ بۆ چەسپاندنی هەژموونی سیاسیی و گواستنەوەی کلتوور و رۆشنبیری لە نێوان گەلاندا. هەر بۆیە وڵاتانی خۆرئاوایی باوەڕی تەواویان بەو فەلسەفەیە هەیە کە دەڵێت؛ "بەهێزترین لە بواری ئابووریدا بەهێزترینە لە کایەی سیاسیشدا" (سلمی ٢٠١٦)، لەبەرئەوە بەڕوونی شوێنەواری کلتوور و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و سیستەمی سەرمایەداریی خۆیان لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی دیکە بەدیکردووە، کە چۆن دەتوانن لە رێگەی بازرگانی و ئابوورییەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاکان دابنێن.

ئەم رێبازە تیۆرییە سەرباری پێداگریی لەسەر بەدەستهێنانی قازانج، بەرقەراربوونی ئاشتیی جیهانیشی بەلاوە مەبەستە. بۆیە بۆ پراکتیزەکردن و هێنانەدی ئەم ئامانجە پێویستیان بە گرتنەبەری کۆمەڵێك رێوشوێن هەیە. کە دیارترینیان بریتییە لە بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی بازرگانیی لیبراڵ، کە بازاڕی ئازاد و بازرگانیی نێودەوڵەتی و ترانزێت دەگرێتەوە. بەمجۆرە بوونی پەیوەندی لە نێوان دەوڵەتان دەبێتە مایەی کەمکردنەوە و خۆبەدوورگرتن لە بەکارهێنانی هێز. واتە لە بری هێز سەربازیی، هێزی ئابووری و بازرگانی رۆڵی خۆی دەگێڕێت. بۆیە وا سەیری بازرگانی ئازاد دەکەن، کە رێگەیەکە بۆ لەیەکنزیکردنەوەی کۆمەڵگاکان لەگەڵ یەك و، کاڵبوونەوەی ململانێیەکان لە نێوانیاندا.

## ٣-٥ تیۆری لیبراڵیزمی پێکەوەبەستراوەیی (Interdependence Liberalism Theory):

ریشەی ئەم تیۆرییە بۆ تێڕوانینەکانی هەردوو ئەکادیمیستی ئەمریکی "رۆبەرت کۆهین و جۆزێف نای" دەگەڕێتەوە. لەو کاتەی کتێبێکیان لە ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکردەوە بە ناونیشانی "هێز و پشت بەیەکتر بەستن" (Power and Interdependence). دەکرێت گرنگترین گریمانەی تیۆریی روانگەی لیبراڵیزمی پێکەوەبەستراوەیی لەوەدا کورت بکەینەوە کە ئەکتەرەکانی ناو ژینگەی نێودەوڵەتیی بەگشتیی لە پرۆسەی هاریکاریدا سوودمەند دەبن و، دەوڵەتان تەنها گرنگی بە دەستکەوتی خۆیان نادەن و هەستیاریش نین بە دەستکەوتی هاوپەیمانەکانیان کە لە بواری هاوکاری و کاری پێکەوەییدا بەدەستیانهێناوە. بەپێچەوانەی تێڕوانینی ریالیستەکان کە بانگەشەی ئەوە دەکەن دەوڵەت هەمیشە بەراورد لە نێوان دەستکەوتی خۆی و ئەو دەستکەوتانەی کە دەوڵەتانی تر لە بواری هاریکاریدا بەدەستیانهێناوە دەکات (Keohan and Nye ٢٠١٤).

لایەنگرانی ئەم رێچکەیە باوەڕێکی زۆریان بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لە نموونەی رێکخراوی "نەتەوە یەکگرتووەکان" (UN)، "سندوقی دراوی نێودەوڵەتی" (IMF) و "بانکی جیهانی" (WB) هەیە، بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بکەن لە دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ کاری پێکەوەیی و هاوکاریی لە نێوان تەواوی ئەکتەرەکاندا. چونکە پێیان وایە دامەزراوەکان میکانیزمی هەماهەنگی دەستەبەردەکەن بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتان بۆ ئەوەی سوودمەندبن لە دەستکەوتەکانی هاریکاری. هەروەها دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن وەك ناوبژیوان وابن لە نێوان دەوڵەتاندا لە رێگەی دەستەبەرکردنی زانیاریی بۆ دەوڵەتان بۆ ئەوەی رێگە بگرن لە هەر جۆرە ململانێ و ئاڵۆزییەک کە لە نێوانیان رووبدات (حەمە ٢٠٢٠، ل١٢٤).

بەگشتی نوسەر و بیرمەندانی ئەم تیۆرییە جەخت لەوە دەکەنەوە سروشتی سیاسەتی جیهانی کارکردنە بە ئاراستەی کاری پێکەوەیی. لەو کاتەی تەواوی ئەکتەرەکان سەرباری پێگە سیاسیی، ئابووری و سەربازییەکانیان ناتوانن بە تەنها رۆڵی پێویست لەسەر گۆڕەپانی سیاسی جیهانی بگێڕن، بۆیە پەنا دەبەن بۆ کاری پێکەوەیی. لەلایەک بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و، لەلایەکی دیکەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسیە جیهانییەکان لە نموونەی تیرۆر و مەترسییە ژینگەییەکان.

## ٣-٦ پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە تیۆری لیبراڵیزمدا:

بەو پێیەی لیبراڵیزم وەک فەلسەفەیەکی سیاسی لەسەر بنەمای ئازادی تاک دامەزراوە و، جەخت دەکاتەوە لە مافەکانی مرۆڤ و نۆرم و بەها باڵا مرۆڤایەتییەکان لە سیاسەتی جیهانییدا. کەواتە تاکەکان پێش ئەوەی پۆلێنبەندی و دابەشکاریان بۆ بکرێت بەسەر کیشوەر و دەوڵەت و هەرێمەکاندا، دەبێت مافی ئەوەیان هەبێت وەك بابەتێکی مرۆیی و ئەخلاقیی بە ئازادانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەك وەك ئامرازێك

تەماشا بکرێن و، ژێر چەپۆک و چەوساوە بن.

هەرچی سەبارەت بە قوتابخانەی لیبراڵیزمە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەوا دەبینین لایەنگرانی نیۆلیبراڵیزم پێیان وایە دەوڵەت تاکە ئەکتەری سەرەکی نییە لە سیاسەتی جیهانییدا، بەڵکو ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش لە پاڵ دەوڵەتان بوونیان لە ژینگەی نێودەوڵەتییدا هەیە. وەکو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کۆمپانیا فرەرەگەزەکان، گروپە چەکدارییە توندرەوکان، هەرێمە دیفاکتۆکان و ... هتد (الصواني ٢٠١٣، ص ص٥٩-٦٠). بەم جۆرە لیبراڵەکان دان بە بوونی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە سیاسەتی جیهانییدا دەنێن.

لەگەڵ ئەوەشدا رێبازی لیبراڵیزمی پێکەوەبەستراوەیی جەخت لەسەر رۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەکاتەوە، کە دەتوانن پرۆسەی کاری پێکەوەیی لە نێوان دەوڵەتاندا ئاسان بکەن و، رۆڵیان لە دروستکردنی ئاشتی و سەقامگیریی لە سیاسەتی جیهانییدا هەبێت. وە ئەگەرچی لە روانگەی تیۆری ئاشتی دیموکراتییەوە هەرگیز دەوڵەتێکی دیموکراتی لەگەڵ دەوڵەتێکی تری دیموکراتیدا نەچووەتە جەنگەوە (کۆمەڵێک نوسەر ٢٠١٩، ل٤٢). لەم رووەوە لایەنگرانی تێزی ئاشتی دیموکراتی پێیانوایە، بڵاوبوونەوەی پرێنسیپەکانی دیموکراسی کاریگەرییەکانی ئەنارشیەتی نێودەوڵەتی بەرێژەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە لایەنگرانی تیۆری لیبراڵیزمی بازرگانیی پێیان وایە کە بازرگانیی نێودەوڵەتیی رێگەیەکی باشە بۆ قووڵکردنەوەی هاوکارییەکان و جێگیرکردنی ئاشتی و سەقامگیریی (ئەرگوشی ٢٠٢١، ل٧٤). لەو نێوەندەشدا ئامادەیی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بە گرنگ دەزانن لە پرۆسەی بازرگانیی ئازادی نێودەوڵەتیی و جوڵەی ئابووری.

بەگشتی دەکرێت بڵێین هەرێمە فیدراڵییەکان وەک جۆرێک لە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە تێروانین و گوشەنیگای رێچکە و رێباز و تیۆرەکانی ناو قوتابخانەی لیبراڵیزمەوە خاوەنی سەنگ و پێگەی خۆیەتی و، لایەنگرەکانی دان بە بوون و ئامادەییاندا دەنێت لە سیاسەتی جیهانییدا. ئەگەرچی ئاست و پێگەیان ناگات بە ئاستی ئەکتەرە فەرمییە دەوڵەتییەکان.

## ٤- قوتابخانەی ئینگلیزی و هەرێمە فیدراڵییەکان:

قوتابخانەی ئینگلیزی؛ لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە تێرمی "گفتوگۆی سێیەم" (Third Debate) دەناسرێت، بەو پێیەی لە رێگەی دید و تێروانینەکانیەوە دەلاقەیەکی نوێ لە ناو تیۆرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە و، دەبێتە ناوەندێک لە نێوان گریمانە و بۆچوونەکانی هەردوو قوتابخانەی ریالیزم و لیبراڵیزم. دەرکەوتنی تێروانینەکانی ئەم قوتابخانەیە بۆ دەیەی حەوتەمی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە. چەمك و رێباز و رێچکە سەرەکییەکانی وەکو "کۆمەڵگای جیهانی"، "فرەیی ئۆردەر" و "هەماهەنگی دادپەروەری". کرۆکی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە پێکدێنن. هەر بۆیە لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر ئەم چەمکانە لەلایەک و، خستنەڕووی پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە ناو تێزە فکرییەکانی ئەم قوتابخانەیە لەلایەکی دیکەوە.

### ٤-١ کۆمەڵگای جیهانی (World Society):

قوتابخانەی ئینگلیزی لەسەر چەسپاندنی جیاکاریی لە نێوان سێ تێگەی سەرەکی بنیاتنراوە کە خۆیان دەبیننەوە لە "سیستەمی نێودەوڵەتی" (International System)، "کۆمەڵگای نێودەوڵەتی" (International Society) و "کۆمەڵگای جیهانی" (World Society). بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە سەرەڕای ئەوەی کە پێیان وایە سروشتی سیستەمی نێودەوڵەتی بریتییە لە ئەنارشییەت، لەو رووەوەی کە دەسەڵاتێکی باڵا نییە لە سەرووی دەوڵەتان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی بوونی کۆمەڵگایەکی نێودەوڵەتی دەکەن. هەروەک بیرمەندی سیاسی ئوستورالی "هێدڵی بووڵ" کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیە پێیوایە، دەوڵەتان لە ژینگەیەکدا دەژین کە سەنتەرێکی هێز نییە رەفتار و هەڵسوکەوتیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی دیاریبکات. لەگەڵ ئەوەشدا پێی وایە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گوزارشتە لە بوونی ژمارەیەك دەوڵەت کە هۆشیارن بەرانبەر هەبوونی کۆمەڵێك بەرژەوەندی و بەهای هاوبەش (بول ٢٠٠٦، ص٢٤).

بووڵ پێیوایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کاتێک دروست دەبێت کە دوو دەوڵەت یان زیاتر پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەبێت و، کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی یەکتر هەبێت، تاوەکو وایان لێدێت وەک یەکەیەکی گشتگیر ڕەفتار بکەن (کۆمەڵێک نوسەر ۲۰۱۹، ل٥٦). واتە کۆمەڵێک دەوڵەتی هاوبیروڕا وا لە خۆیان دەڕوانن کە کۆمەڵێک ڕێسا، بەها، ڕەفتار و بەرژەوەندیی هاوبەش بە یەکیانەوە دەبەستێت لە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا و، کۆدەنگیشان لەسەر ڕاپەڕاندنی کارەکانی دامەزراوە گشتی و هاوبەشەکان هەیە کە پێویستن بۆ بەستنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

لە بارەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش، بووڵ وێنایان دەکات بە واتای بوونی جۆرێك لە هاوکاریی لە نێوان دەوڵەتاندا بۆ ئەنجامدانی ئەرکە سیاسییەکانیان و، لە هەمان کاتیشدا وەك ئامرازێك وان بۆ هێشتنەوەی ئەم هاوکارییانە. بەگشتی دەکرێت بوترێت لە تیۆری قوتابخانەی ئینگلیزیدا دامەزراوەکان پێکدێن لە دیبلۆماسی، جەنگ، هاوسەنگیی هێز، ڕێککەوتنی نێوان زلهێزەکان، یاسای نێودەوڵەتیی، دەوڵەت، سەروەریی، ناوبژیوانی، بێلایەنی، بازرگانی، مافی چارەی خۆنووسین، جیاکاری نەکردن، مافەکانی مرۆڤ و سنورە سیاسییەکان (Stivachtis ۲۰۱۸).

لە تێڕوانینی لایەنگرانی قوتابخانەی ئینگلیزییەوە چەمکی کۆمەڵگای جیهانیی گرنگتر و گشتگیرترە لە دەستەواژەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی، چونکە پێیان وایە یەکە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای جیهانیی زیاتر و هەمە چەشنترە لە ئەندامەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی. بە جۆرێک کە یەکە بنچینەییەکانی کۆمەڵگای جیهانی تەنها لە دەوڵەتدا چڕناکرێتەوە بەڵکو لە پاڵ دەوڵەتان، تاک، هەرێمەکان، دامەزراوەکان، ڕێکخراوەکان و تەواوی کاراکتەرە نادەوڵەتییەکانیش وەک چەقی ڕێکخستن و ئەندامی کۆمەڵگای جیهانی وێنادەکرێت (Navari, ۲۰۱٦)). بەمەش هەرێمە فیدراڵییەکان وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی دەبن بە یەکێک لە یەکە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای جیهانی.

### ٢-٤ ڕێچکەی فرەیی-ئۆردەر (Pluralism-Order):

لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە تێگەیشتنیان بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بارگاوییە بە تێگەیشتنێکی کلاسیکی کە هەڵقوڵاوی ڕێبازی ڕیالیزمی هۆبزییە. نوسەرانی ئەم ڕێچکەیە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە فرەیی لە خاسیەتەکانی سیاسەتی جیهانییە. بۆیە ئۆردەر و سەقامگیری نێودەوڵەتییان زۆر بەلاوە گرنگە و، پێیان وایە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لەسەر بنەمای قبووڵکردنی فرەیی دەوڵەتان لە ژینگەیەکی ئەنارشیدا دروستبووە (علي ۲۰۱۹، ص۱۹۷). هەموو دەوڵەتێکیش لە ناو سیستەمی جیهانییدا مافی دیاریکردنی بەها و نۆرمەکانی خۆی هەیە. بە جۆرێک هزر و بەهاکانی دەوڵەتێك جیاوازە لە بەها و بیروباوەڕەکانی دەوڵەتێکی دیکە. وە لەبەرئەوەی ئەو بیروباوەڕانە لە ناوخۆی دەوڵەتدا دروستدەبن. بۆیە دەبن بە هۆکارێک کە بە هۆیەوە دەوڵەتان ناتوانن بگەنە ڕێککەوتن لەسەر بەهایەکی وەك دادپەروەری، بەڵام دەوڵەتان دەتوانن لەسەر ڕێزگرتن لە سەروەری یەکتری و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتریدا ڕێکبکەوتن، بەو پێیەی هەموویان ئەکتەری یەکسانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیین (کۆمەڵێک نوسەر ۲۰۱۹، ل٥٧). بەمجۆرە بۆ لایەنگرانی ڕێچکەی فرەیی، ئامانجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پاراستنی سەروەری دەوڵەتانە لە پێناو پاراستنی ئاستێکی باڵا لە سەقامگیری و ئۆردەر.

دەکرێت ئۆردەر وەك تایبەتمەندییەکی سەرەکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وێنابکرێت، کە مەبەست لێی ڕێزگرتنە لە سەروەری و سەربەخۆیی دەوڵەت و، پاراستنی ئاشتیی لە نێوان دەوڵەتان و دەستوەرنەدان لە کاروبارە ناوخۆییەکانی دەوڵەتانی تر، هەروەها پێشخستنی پێداویستییەکانی دەوڵەت بەسەر پێداویستییە مرۆییەکاندا. بەو مانایەی دەبێت پێداویستییەکانی دەوڵەت بە گرنگتر و پێویستتر لە پێداویستییە مرۆییەکان سەیر بکرێن. هەر بۆیە یاساناسی ئەمریکی "ڕۆبێرت جاکسۆن" (Robert Jackson) وەک یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی قوتابخانەی ئینگلیزی پێی وایە گرنگە ڕێز لە فرەیی دەوڵەتان و جیاوازی بەهاکانیان بگیرێت لە پێناو پاراستنی ئۆردەری جیهانی (دان و کورکي و سمیث ۲۰۱٦، ص۳٥۷).

بەمەش لایەنگرانی ڕێچکەی فرەیی پێیانوایە ڕێزگرتن لە سەروەریی دەوڵەتان سوود و قازانجی زیاترە بۆ دەوڵەتان و هاوڵاتیان وەك لە ڕێچکەی

دادپەروەری و هەماهەنگی. چونکە پێیان وایە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانیی گرنگترە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دەستوەردانی سەربازیی بە بیانووی پاراستنی مرۆیی. بۆیە وای دەبینن ئۆردەر ئامانجێکی باڵایە و باڵاتریشە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتان دەتوانن بە ئاسانی بگەنە رێککەوتن لەسەر ئۆردەر، بەڵام قورسە دەوڵەتان کۆك بن لەسەر مانا و ناوەرۆکی دادپەروەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی، لەمەش زیاتر دەوڵەتان ئەندامی یەکسانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیین لەسەر بنەمای ئەو سەروەریەی کە هەیانە، نەك لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ (دان و کورکي و سمیث ٢٠١٦، ص٣٥٨).

بۆیە بە بۆچوونی لایەنگرانی قوتابخانەی ئینگلیزی، پرێنسیپەکانی وەک سەروەری دەوڵەت، دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان و بەکارنەهێنانی هێز، پێداویستی سەرەکین بۆ هێشتنەوە و پاراستنی ئاسایشی جیهانی کە ئەمەش بە مانای پاراستنی سیستەم و ئۆردەری جیهانی وێنا دەکرێت.

## ٣-٤ رێچکەی هەماهەنگی-دادپەروەریی (Solidarism-Justice):

روانگەی دووەمی قوتابخانی ئینگلیزیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بە تێگەیشتنی هەماهەنگی دەناسرێت، ئەم دەروازەیە بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت لە تێگەیشتنێکی لیبراڵیانە بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە. لە روانگەی ئەم دەروازەیەوە مرۆڤەکان بابەتی یاسای نێودەوڵەتیین و ئەندامی یەکسانی کۆمەڵگای جیهانیین (Stivachtis 2016). بەمەش مرۆڤەکان دەبێت خاوەنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بن، بەم هۆیەوە ئەم دەروازەیە پێیوایە ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی ئەرکێکیان لەسەر شانە، ئەویش پاراستنی مافەکانی مرۆڤە، ئەگەر دەوڵەتێك نەیتوانی ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنێت، پێویستە لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لە رێگەی هێزەوە دەستوەردان بکات لە کاروباری ناوخۆی ئەو دەوڵەتەدا لە پێناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا.

توێژەری ئینگلیزی "نیکۆلاس ویلەر" (Nicholas Wheeler) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیە لە پەرتووکی "رزگارکردنی بێگانەکان" (Saving Strangers) دەڵێت: "دەستوەردانی سەربازیی پێدەچێت باشترین میکانیزم بێت بۆ سەپاندنی بەها مرۆییە جیهانییەکان، ئەمەش بە دڵنیاییەوە لە دژی پرێنسیپی دەستوەرنەدان و بەکارنەهێنانی هێزە. بەڵام بۆئەوەی ئەو دەستوەردانە گونجاو و بە سوود بێت، دەبێت کۆمەڵێك مەرجی تێدابێت، کە زیاتر لە تیۆریی جەنگی عادیلانەوە سەرچاوەیان گرتووە"(Wheeler ٢٠٠٢). واتە لایەنگرانی دەروازەی هەماهەنگی بەگشتی جەخت لەسەر پاراستن و بەدیهێنانی دادپەروەریی دەکەنەوە لە بەرانبەر رێچکەی فرەیی.

مانای چەمکی دادپەروەریی لەم کۆنتێکستەدا پێچەوانەی مانای ئۆردەرە، چونکە دادپەروەریی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤەکان ئەندامی یەکسانی کۆمەڵگای جیهانیین و، سەروەریی دەوڵەتان ئامرازن بۆ پاراستنی بەهایەکی باڵاتر، کە ئەویش ئاسایشی مرۆڤەکانە. بەم هۆیەوە لایەنگرانی ئەم رێچکەیە پێیانوایە، هەرکاتێك دەوڵەت شکستی هێنا لە ئەرکەکەی شکستهێنان لە دابینکردنی ئاسایش بۆ هاوڵاتیان ئەوا دەوڵەت سەروەریی لە دەستدەدات و پێویستە کۆمەڵگای نێودهوڵەتیی دەستوەردانی مرۆیی بکات بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتەی کە ناتوانێت ئاسایش بۆ هاوڵاتییەکانی دابینبکات، یان خۆی بووە بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ هاوڵاتییەکانی (Ukhurunashvili ٢٠١٤). هەر بۆیە لایەنگرانی ئەم رێچکەیە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەوڵەت نوێنەری خەڵکە، ئەگەر نەیتوانی ئەم نوێنەرایەتییە بەشێوەیەکی رێکوپێك ئەنجامبدات ئەوا شەرعیەتی نامێنێت و، لە حاڵەتی بوونی پێشێلکاریی توند لە دژی مافەکانی مرۆڤ پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی دەستوەردانی مرۆیی بکات.

بەگشتی دەکرێت بڵێین رێچکەی هەماهەنگی دادپەروەریی گوزارشتە لە رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و، هەبوونی مافی دەستوەردانی سەربازی ئەگەر هاتو هاوڵاتیان پارێزراونەبوون لە دەسەڵاتی دەوڵەت و مافەکانیان رووبەڕووی پێشێلکاریی بوویەوە. بە پێچەوانەی رێچکەی فرەییەوە، ئەم تێگەیشتنە داکۆکی لەوە دەکات دەبێت پێداویستییە مرۆییەکان بخرێنە پێش پێداویستییەکانی دەوڵەتەوە. بۆیە ئەم رێچکەی هەماهەنگییە بە پێچەوانەی روانگەی فرەیی پشتیوانیی لە دادپەروەریی دەکات نەك لە ئۆردەر. هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە

که ئەم ڕێچکەیە مرۆڤەکان بە ئەندامی چالاکی کۆمەڵگای جیهانی دەزانێت، بەم هۆیەشەوە پشتیوانی لە دەستوەردانی سەربازی دەکات لە حاڵەتی پێشێلکاری توند دژی مافەکانی مرۆڤ.

## ٤-٤ پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە قوتابخانەی ئینگلیزیدا:

لە دیدگای نوسەرانی قوتابخانەی ئینگلیزییەوە، کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە. لەو قۆناغەدا جەنگی یەکەمی جیهانی تا کۆتایهاتنی جەنگی سارد ، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لەسەر بنەمای ئۆردەر نەك دادپەروەریی مامەڵەی لەگەڵ ئەکتەرەکانی نێو ژینگەی نێودەڵەتیدا کردووە. بە پێی پرنسیپەکانی قوتابخانەی ئینگلیزیش، پاراستنی ئۆردەر پێویستی بەوەیە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕێز لە سەروەریی دەوڵەتان بگرێت و، دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتاندا نەکرێت. بەپێچەوانەوە کارکردن بە پرێنسیپی دادپەروەریی وا دەخوازێت کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی دەستوەردان بکات لە کاروباری ناوخۆی ئەو دەوڵەتانەی کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ ناگرن و، پێشێلکاریی توند لە دژی مافەکانی مرۆڤ لە ناوخۆی دەوڵەتەکانیاندا ئەنجامدەدەن.

بۆ نموونە لەو قۆناغەی ئاماژەمان پێدا، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە پاڵنەری پاراستنی ئۆردەر و، سەقامگیری ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵ کورد کردووە. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت لەو قۆناغە مێژووییەدا هەمیشە بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی، پابەندبوون بە پرێنسیپی دەستوەرنەدان و ڕێزگرتن لە سەروەریی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا گرنگتر و لە پێشتر بووە لە پاراستنی گەلی کورد لەو ستەم و چەوساندنەوەیەی کە بەخۆیەوە بینیویەتی لەسەر دەستی هەریەك لەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشبووە (حەمە ٢٠١٩، ل١٢٠). بۆیە دەکرێت پشتیوانی نەکردن لە مافی چارەی خۆنووسین، سەربەخۆیی و تەواوی جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، وەك نموونەی دیاری مامەڵەیەکی ئۆردەرییانە ئاماژەی بۆ بکرێت.

بەڵام لە قۆناغی دوای جەنگی سارد و، بە دیاریکراوی دەرچوونی بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەڵەتیی لە ڕێکەوتی ٥ی نیسانی ١٩٩١. کە بە هۆیەوە ناوچەی ئارام لە باکووری عێراق دروستکرا و دەرئەنجامیش هەرێمی کوردستان بەشێوەی ئەمری واقیع دروستبوو. لێرەدا لەسەر بنەمای تیۆری قوتابخانەی ئینگلیزی، دەکرێت بوترێت بڕیاری دورستکردنی ناوچەی ئارام بۆ هەرێمی کوردستان لە دژی ڕژێمی پێشووی عێراق، کە گەورەترین مەترسی بوو بۆ سەر ئاسایش و سەلامەتی خەڵکی کوردستان کەیسێکە بۆ پشتیوانی دادپەوەریی لە بەرانبەر ئۆردەردا (حەمە ٢٠١٩، ل١٢١). واتە دادپەروەرییە لەو ڕوانگەوەی کە ئەوە بڕیارێکی ئەخلاقی بوو بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنیی بێتاوان لە دەستی ڕژێمێکی دیکتاتۆر، ڕێزگرتن بوو لە ئاسایشی مرۆیی لە بەرانبەر ڕێزنەگرتن لە سەروەری دەوڵەتی عێراق، کە شکستی هێنابوو لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان لە بواری پاراستنی ئاسایشی مرۆیی هەموو خەڵکی عێراق بەبێ جیاوازی، بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆی بوو بوو بە سەرچاوەی مەترسیی گەورە بۆ سەر هاونیشتمانیانی عێراقی و لە نێویشیاندا کورد.

لە ژێر ڕۆشنایی چوارچێوەی تیۆری قوتابخانەی ئینگلیزیدا دەکرێت بڵێین کە هەرێمە فیدراڵییەکان وەك ئەندامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە لایەن ئەندامانی سەرەکی ئەو کۆمەڵگایەوە لێی ناڕوانرێت، لەبەرئەوەی تەنها دەوڵەتانی خاوەن سەروەری وەك ئەندامی یەکسانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. وە هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دیدیگای ڕێچکەی فرەیی ئۆردەر و پاراستنی ئۆردەری نێودەوڵەتی لەگەڵیاندا مامەڵە دەکات بە واتای ئەوەی زۆر نایان دوێنێت.

بەڵام بە پێچەوانەوە هەرێمە فیدراڵییەکان وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی دەبن بە بەشێک لە کۆمەڵگای جیهانی و، بنەماکانی ڕێچکەی هەماهەنگی دادپەروەریی بە ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات بە تایبەت لەوکاتانەی کە پرسی مرۆیی و پێشێلکاریی لە مافەکانی مرۆڤ دێتە ئاراوە. واتە پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە چوارچێوەی قوتابخانەی ئینگلیزیدا پرسێکی دوو لایەنەیە، بە جۆرێک پێگەیان لە نێو چەمکی کۆمەڵگای جیهانیی و ڕێچکەی هەماهەنگی دادپەروەریی دەدۆزینەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە لە نێو چەمکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و ڕێچکەی فرەیی- ئۆردەر سەنگ و قورساییەکی ئەوتۆیان نییە.

## ٥- قوتابخانەی کۆپنهاگن و هەرێمە فیدراڵییەکان:

کۆپنهاگن؛ وەک قوتابخانەیەکی گرنگی ئاسایشی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەوڵدەدات بە رەخنە گرتن لە قوتابخانە نەریتییەکانی ئاسایشی کە زیاتر گرنگی بە بواری ئاسایشی سەربازیی دەدەن، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییەکان بکات و، لەو چوارچێوەیەشدا رەهەند و بواری نوێی ئاسایشی دەخاتەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە یەکەی ئاسایشی تەنها لە دەوڵەتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو یەکەکانی تری وەک نەتەوە و نەژاد و پێکهاتە جیاوازەکانی تریش لەخۆ دەگرێت. ئێمە لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا و بە سێ باس تیشک دەخەینە سەر چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگایی و، تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی و، پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە قوتابخانەی کۆپنهاگندا.

### ٥-١ ئاسایشی کۆمەڵگایی (Societal Secerity):

بیرمەندی سیاسیی ئەمریکیی "باری بۆزان" (Barry Buzan) وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی "لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتیی" (International Security Studies) پێنج بواری ئاسایشی وەکو رەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دەناسێنێت، ئەوانیش ئاسایشی سەربازیی، سیاسیی، ئابووریی، ژینگەیی و کۆمەڵگایی (Buzan & Hansen 2009, p2).

بە بڕوای بوزان هەڕەشە و مەترسییە سەربازییەکان لە بواری ئاسایشیدا خاوەنی ئەولەوییەتی تیۆریی و کردەیی راستەقینەن و، گرنگییەکەیان درێژەی هەیە تا ئەو کاتەی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی ئەنارشی و نائارام بێت. سەبارەت بە ئاسایشی ژینگەیی بوزان و بیرمەندی سیاسیی کەنەدیی "تۆماس دیکسن" (Thomas Dixon) پێیانوایە کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتی و ژینگەییەکان هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە دەتوانێت ببێتە هۆکارێك بۆ بەرزبوونەوەی ملململانێ و ئەگەری پێکدادان و سەرهەڵدانی توندوتیژیی لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان و تەنانەت لەسەر ئاستی هەموو جیهان. لە هەمان کاتدا بە بڕوای بوزان، ئاسایشی سیاسیش بۆ سەقامگیریی رێکخراوەکان، دەوڵەتان و سیستەمەکانی دەسەڵاتدارییەتی و ئایدیۆلۆژیا رەوایەتیپێدەرەکانی دەوڵەت دەگەڕێتەوە. بۆیە هەڕەشە سیاسییەکان سەقامگیریی رێکخراوەیی و دامەزراوەیی دەوڵەت دەکەنە ئامانج، ئەم هەڕەشانەش هەر لە پرسی جیابوونەوە تاکو رووخانی دەوڵەت و گوشار خستنە سەر دەوڵەت دەگرێتەوە (قادر ٢٠١٩، ل٣٩). هەروەها دەکرێت ئاسایشی ئابووریی بە کلیل یاخود بە نیشاندەر و پێوەرێکی سەرەکیی هەڵسەنگاندنی ئاسایشی گشتیی دەوڵەت دابندرێت. بۆ نموونە ئەگەر ئاسایشی ئابووریی دەوڵەتانی گەشەسەندوو و دەوڵەتانی پەرەنەسەندوو پێکەوە بەراورد بکەین، بە سانایی دەردەکەوێت کە لە رێگەی ئاسایشی ئابوورییەوە دەتواندرێت بوار و رەهەندەکانی تری ئاسایشی بونیاد بنرێت (عیسی و قادر ٢٠٢١، ١٥٤). وە ئاسایشی ئابووریی وەک بەشێک لە بەرژەوەندی و ئاسایشی گشتیی دەوڵەت وێنادەکرێت.

هەرچی سەبارەت بە ئاسایشی کۆمەڵگاییە، کە چەقی باسکردنی تەوەرەکەی ئێمەیە ئەوا دەکرێت بڵێین کە "ئۆلی وەیڤەر" (Ole Wæver) و باری بوزان، وەک دامەزرێنەرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، پرسی ئاسایشی کۆمەڵگاییان خستووەتەڕوو. لە روانگەی ئەوانەوە ئاسایشی کۆمەڵگایی بریتییە لە توانای کۆمەڵگا بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی کە خۆی دەبینێتەوە لە زمان، کلتوور، مەزهەب و ناسنامەی نەتەوەیی (کواشي ٢٠١٧، ص٢٢). بۆیە دەکرێت بڵێین ئاسایشی کۆمەڵگایی لە بارەی بارودۆخێکەوە دەدوێ کاتێک کە کۆمەڵگاکان هەست بە مەترسی و هەڕەشە لەسەر رەگەز و بنەما ناسنامەییەکانیان بکەن.

بوزان و وەیڤەر پێیان وایە کە لە ئێستادا چەمکی ئاسایش چەمکێکی دووانەیە، کە مەبەست لێی بریتییە لە ئاسایشی دەوڵەت لەگەڵ ئاسایشی پێکهاتە نەتەوەییەکان. بە جۆرێک پێکهاتە نەتەوەییەکانیش وەکو دەوڵەت یەکەی ئاسایشین. ئاسایشی دەوڵەت لە سەروەرییەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر دەوڵەت سەروەری لە دەستدا ئەوا چیدی مانایەك بۆ دەوڵەت نامێنێتەوە، لە بەرانبەریشدا پێکهاتە نەتەوەییەکان خاوەنی ناسنامەن ئەگەر ناسنامەکەیان لە دەستدا ئەوا چیدی وەك پێکهاتە بوونیان نامێنێت (بوستي ٢٠١٨، ص١٨٣).

مەرج نییە هەموو کات ئاسایشی پێکهاتە نەتەوەییەکان هاوتەریب بێت لەگەڵ ئاسایشی دەوڵەتان. بە واتایەکی تر مەرج نییە ئەگەر دەوڵەت لە دۆخی ئاسایشیدا بێت ئەوا پێکهاتە نەتەوەییەکەش لە هەمان دۆخدا بن، یان بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە ئاسایشی دەوڵەتی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

عێراق لە رابردوادا بەمانای ئاسایش و سەلامەتی نەبووە بۆ نەتەوەی کورد. یاخود کاتێك کە دەوڵەتی عێراق رووبەڕووی داگیرکاری ئەمریکی بوویەوە لە ئازاری ٢٠٠٣، هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق، وەك هەڕەشە سەیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای نەکرد، بەڵکو وەك رزگارکردن وێنای پرۆسەکەی کرد، لەبەرئەوەی بۆ کورد رزگارکردن بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە بۆ عێراق پرۆسەیەکی داگیرکاری بوو (حەمە ٢٠١٦، ل٧٧). بۆیە پرسی داگیرکردنی عێراق ئەو بانگەشەیەی قوتابخانەی کۆپنهاگن پشتڕاستدەکاتەوە کە دەڵێت لە هەندێك حاڵەتدا ئاسایشی دەوڵەت و ئاسایشی کۆمەڵگایی جیاوازن.

لایەنگرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیان وایە چەندین هەڕەشە هەن کە رووبەڕووی پێکهاتە نەتەوەییەکان دەبنەوە وەکو هەڕەشەی کۆچ و ژینگە، هەڕەشەی سیاسی و سەربازی و ئابووری، هەڕەشەی سەپاندنی کلتوورێکی زاڵ، هەڕەشەی دابەشبوون (بوستي ٢٠١٨، ص١٨٧). بەم شێوەیە قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاسایشی پێکهاتە نەتەوەییەکانی خستە بەرانبەر ئاسایشی دەوڵەت، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێکهاتە نەتەوەییەکان خاوەنی ناسنامەن، ئەگەر ناسنامەکانیان لەدەستبدەن ئەوا لەناودەچن.

لایەنگرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن لەگەڵ ئەوەی دان بە گرنگی ئاسایشی دەوڵەتاندا دەنێن لە سیاسەتی نێودەوڵەتییدا، بەڵام پێیان وایە ئەوەی زیاتر لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدا بووە نەتەوە و پێکهاتە مەزهەبییەکان بوون کە ترسیان هەبووە لەوەی کە ناسنامەی خۆیان لەدەست بدەن. بەم شێوەیە قوتابخانەی کۆپنهاگن بەشدارییەکی سەرەکیی کرد لە فراوانکردنی چەمکی ئاسایش لە رێگەی گرنگیدانێکی دووانەیی هەم بە ئاسایشی دەوڵەتان و هەمیش بە ئاسایشی پێکهاتە نەتەوەییەکان. واتە لە پاڵ دەوڵەت، باس لە ئاسایشی کۆمەڵگایی دەکات لە پارێزگاری و پاراستنی زمان، ناسنامەی ئاییني و کلتووری گروپە جیاوازەکان.

## ٢-٥ تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی (Regional Security Complex Theory):

بنەما و پرنسیپە سەرەکییەکانی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی، لەلایەن هەردوو بیرمەندی قوتابخانەی کۆپنهاگن باری بوزان و ئۆلی وەیڤەر دارێژراوە، لە چوارچێوەی پەرتووکێکدا بەناونیشانی "هێزەکان و هەرێمەکان" (Regions and Powers). کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی لە دیدگای باری بوزانەوە بریتییە لە گروپێك لە دەوڵەتان کە مەترسییە ئاسایشییەکانیان بەشێوەیەکی پتەو بەیەکەوە بەستراونەتەوە، بە جۆرێك کە ئاسایشی نیشتمانیی هەر یەکێکیان بە ئەستەم لەوی تر جیادەکرێتەوە و، شێوازی پەیوەندیی لەنێوان ئەم جۆرە وڵاتانەدا فۆرمێکی بەردەوامە لە دۆستایەتی و دوژمنایەتی لە یەککاتدا (ئەحمەد ٢٠٢٠، ل٤٠٧). بەم پێیە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیی خۆی لە بوونی پەیوەندیی لەنێوان دەوڵەتان دەبینێتەوە لە چوارچێوەی تۆڕێکی فراوان لە دۆستایەتی، هاوپەیمانی و هەستکردن بە ترس و دڵەڕاوکێ.

گریمانەی سەرەکیی باری بوزان و هاوکارەکانی دەربارەی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیی ئەوەیە کە کۆتایی جەنگی سارد بۆتە هۆی دروستبوونی نائاسایشی بەربڵاو، ئەمەش ریشەی لە ناسینی تاکڕەهەندی و سنووردارێی ریالیستەکان و جیهانگەراکاندایە لە سروشت و رەهەندکانی ئاسایش. بەم مانایە قوتابخانەی ریالیزم دەوڵەت وەك تاکە ئەکتەر و بابەتی ئاسایش و، هەروەها قوتابخانەی جیهانگەراش سیستەمی نێودەوڵەتیی وەك تاکە فاکتەری ئاسایش و نائاسایشی دەزانن و گرنگی بە ناوچە "هەرێم" نادەن (ساڵح ٢٠٢٠، ل٥١). بۆیە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە سروشت و چارەنووسی ئاسایش گرنگی بە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی و تێکئاڵاوی ئاسایشی دەوڵەتانی هەرێمی و تایبەتمەندییەکانیان لە ناوچەیەکی دیاریکراو بدەین.

لە روانگەی ئەم تیۆرەوە (RSC) چەندین پاڵنەر و هۆکاری سەرەکیی هەیە کە وا دەکەن ئاسایشی دەوڵەتێک یان هەرێمێک پەیوەست و گرێدراو بێت بە ئاسایشی دەوڵەتێکی دیکەوە، ئەوانیش: (فاکتەری کلتووری و مێژوویی، نزیکی و دراوسێیەتی یاخود هاوسنووریی جوگرافیایی، مۆدێلی دۆستایەتی و دوژمنایەتی، فاکتەرە ماددی و واتاییەکان، فاکتەرە سەرونەتەوەییەکانیان، لەگەڵ بوونی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینیی جیاواز) (Buzan and waever 2003, p45). بۆیە بەشێکی زۆر لەو دوژمنایەتی و تەنگژە هەنووکەییانە، بە دەرهاویشتە و بەرهەمی رابردوو و مێژوو لە قەڵەمدەدرێن. واتە ململانێکانی دەوڵەتان بەجێماوی رابردوو و مێژوو دەزانن.

بیرمەندانی قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیانوایە پاش جەنگی سارد، پرس و بوارەکانی ئاسایش و، کێبڕکێ و ململانێ و هاوکاریی زیاتر ناوچەیی و هەرێمیین. هەر بۆیە پێشنیازی تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمیی ئەوەیە کە پێویستە جیهان بەسەر چەندین کۆمەڵەی ئاسایشییدا دابەشبکەین، چونکە پێویستە پرسە هەرێمییەکانی تایبەت بە هەر هەرێم و ناوچەیەك بە جیا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و رۆڵی فاکتەرە هەرێمییەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی گرنگی پێبدرێت. لەم روانگەیەوە بوزان کۆمەڵێك ناوچەی ئاسایشیی دیاری دەکات وەك کۆمەڵەی هەرێمی ئاسایشیی ئەمریکای باشوور، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقیای باشوور، باشووری ئاسیا و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا (زاوي ٢٠١٧، ص٦٠).

بەگشتیی، ئەم تیۆرییە باس لەوە دەکات کە چۆن ئاسایش لە ناوچەیەکی جوگرافیی هەرێمی پێکهاتووە. چونکە مەترسی و نیگەرانییەکانی ئاسایش بۆ شوێنێکی دوور بە باشی ناگوازرێنەوە، بۆیەش ئەو هەڕەشانەی بۆ سەر ئاسایش هەن، زیاتر لە ناوچەیەکی دیاریکراو روودەدەن و هاوکات ئاسایشی هەر ئەکتەرێکی ناو هەر هەرێمێك وابەستەیە بە ئەکتەرەکانی دیکەی هەمان هەرێم بەشێوەیەکی راستەوخۆ.

## ٤-٥ پێگەی هەرێمە فیدراڵییەکان لە قوتابخانەی کۆپنهاگن:

قوتابخانەی کۆپنهاگن خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ چەمکی ئاسایش دەکات و، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە یەکەی ئاسایش تەنیا لە دەوڵەتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو یەکەکانی تری وەک نەتەوە و نەژاد و پێکهاتە مەزهەبییەکانیش لەخۆدەگرێت. نوسەرانی ئەم قوتابخانەیە ناسنامە و شوناس، بە کرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنێن؛ چونکە پێیانوایە نەتەوە ئەوکاتە بوونی دەبێت کە ناسنامەیەکی هاوبەشی بۆ هەمووان بەرهەمهێنابێت. ئەگەر ئەو ناسنامە هاوبەشە ئامادەیی نەمێنێت، ئەوا کۆی کایەکانی کۆمەڵگاش هەرەس دێنێت و لەناودەچێت. لەسەر بنەمای ئەو چوارچێوە تیۆرییەی کە لە بارەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە باسکرا، دەکرێت بوترێت هەرێمە فیدراڵییەکان وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئەکتەرێکی نادەوڵەتیی، هاوشێوەی دەوڵەت یەکە و ئاکتەری ئاسایشییە. چونکە زۆرجار سیستەمی فیدراڵیی لەسەر بنەمای پێکهاتە نەتەوەییەکان بونیادنراوە، بۆیە قوتابخانەی کۆپنهاگن گریمانەی ئەوە دەکات لەپاڵ دەوڵەتاندا پێکهاتە نەتەوەییەکانیش یەکەی ئاسایشن لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم پێکهاتانە خاوەنی ناسنامەن، ئەگەر هاتو ناسنامەی خۆیانیان لەدەستدا، ئەوا چیتر ناتوانن وەك نەتەوە یان پێکهاتە بمێننەوە.

ئەم قوتابخانەیەی لە رێگەی یەکێک لە نوسەرەکانییەوە بە ناوی "پاوڵ رۆی" (Paul Roe)ی هەنگاریی، پێشنیازی ئەوە دەکات کە دەبێت دەوڵەتان لە مامەڵەیان لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەییەکان پەیڕەوی لە پیادەکردنی ستراتیژی ئیدارەدانی جیاوازییەکان بکەن، نەك تواندنەوەی جیاوازییەکان، ئەمەش لە رێگەی پەیڕەویکردن لە سیستەمێکی فیدراڵییەوە دەبێت کە دامەزراوەی دیموکراسیی تێیدا کارا و کاریگەر بێت (Roe 2010, p202). کەواتە بە بۆچوونی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵییدا، پێکهاتە نەتەوەییەکان دەتوانن هەست بە ئارامی و ئاسایش بکەن، بە پێچەوانەوە مەرکەزییبوونی دەوڵەتان گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایش و ناسنامەی ئەو پێکهاتە نەتەوەییانە.

لە ئاسایشی کۆمەڵگاییدا مەبەست لە ئاسایش بۆ گروپە کۆمەڵایەتییەکانە کە پرسی ناسنامە لەخۆدەگرن، چونکە ئەگەر کۆمەڵگا ناسنامەکەی لەدەستبدات ئەوە ناتوانێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ درێژە بە ژیانی کۆمەڵایەتیی بدات. بەڵام لە ئاسایشی نەتەوەییدا، ئاسایشی دەوڵەت مەبەستە، کە خۆی لە پاراستنی سەروەری و خاکەکەیدا دەبینێتەوە. بە مانایەکی گشتیی ئاسایشی نەتەوەیی پێداگریی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە ژیانییەکان وەکو سیاسی، ئابووری، و نەبوونی هەڕەشە لەسەر بەها بنچینەییەکانی دەوڵەت دەکاتەوە. بەڵام لە ئاسایشی کۆمەڵگاییدا، ئامانج پاراستنی شێوازی نەریتی ژیان، زمان، کلتوور، مەزهەب و بەگشتی "ناسنامە"یە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## بەرئەنجامی توێژینەوە:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر گەیشتووەتە چەند دەرئەنجامێکی جیاواز، گرنگترینیان ئەمانەن:

١. ناوەرۆکی هەندێک لە تیۆرە سەرەکییەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە جۆرێک دارێژراوە، کە زیاتر گرنگی بە دەوڵەتان دەدات وەک ئەکتەرێکی سەرەکی و چالاکی سەر شانۆی سیاسی جیهانیی. بۆیە بەشێک لەو تیۆرانە و، بە تایبەتی تێڕوانینەکانی قوتابخانەی ریالیزم، شتێکی ئەوتۆیان بۆ روونکردنەوەی رەفتاری گەمەکەرە نادەوڵەتییەکان نەخستۆتەڕوو.

٢. بە پێچەوانەی ریالیستەکان، لیبراڵەکان پێیانوایە دەوڵەتان تاکە ئەکتەری سەرەکی نین لە سیاسەتی جیهانییدا، بەڵکو ئەکتەرە نا دەوڵەتییەکانیش لە پاڵ دەوڵەتان بوونیان لە ژینگەی نێودەوڵەتییدا هەیە. وەکو رێکخراوە نێودەوڵەتیە حکومییەکان، رێکخراوە نێودەوڵەتیە نا حکومیەکان، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، گروپە چەکدارییە توندڕەوەکان، هەرێمە دیفاکتۆکان، تاکە خاوەن دەسەڵاتەکان و گرووپەکانی بەرژەوەندی. کە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی جیهانیی دادەنێن. بەمەش هەرێمە فیدراڵییەکان لە رووی کاریگەریدانان و کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەوانی دیکە لە سیاسەتی جیهانییدا، دەکرێت سوود لە رێنوێنییەکانی قوتابخانەی لیبراڵیزم وەربگرن، لە کاتی شرۆڤە و لێکۆڵینەوە لەسەر رۆڵ و پێگەیان لە سیاسەتی جیهانییدا.

٣. هەروەها کۆپنهاگن؛ وەک قوتابخانەیەکی ئاسایشی لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە یەکەی ئاسایش تەنیا لە دەوڵەتدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو یەکەکانی تری وەک نەتەوە و نەژاد و پێکهاتە مەزهەبی و کلتووری و گرووپە جیاوازەکانی تریش لەخۆدەگرێت. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە هەرێمە فیدراڵییەکان لە پاڵ ئەوانی تر دەکرێت ببێت بە یەکەی ئاسایشی.

٤. خوێندنەوە بۆ رێچکە و رێبازە تیۆرییەکانی قوتابخانە سەرەکییەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە هەمبەر بکەرە نادەوڵەتییەکان، وا دەکات بە پارێزەوە باس لەو تیۆرانە و رێنوێنییەکانیان بۆ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بە گشتی و هەرێمە فیدراڵییەکان بە تایبەتی بکرێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم/ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

### کتێب:


١. بەوز، دەیڤید (٢٠٠٩)، لیبراڵیزم، وەرگێڕانی: دڵشاد عوسمان ئەبوبەکر و سەرهەنگ حەمە عەلی، لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی ئەتڵەس بۆ توێژینەوە، واشنتۆن دی سی.

٢. فەرەج، ئەنوەر محمد (٢٠١٨)، تیۆری ریالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا: لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی بەراوردکارییە لەبەر رۆشنایی تیۆرە هاوچەرخەکاندا، وەرگێڕانی: د. خەلیل کەریم محەمەد و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی.

٣. کۆمەڵێک نوسەر (٢٠١٩)، تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەرگێڕانی: شەوقی حوسێن، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی مێخەک، هەولێر.

٤. هۆبز، تۆماس (٢٠١٦)، لیڤیاسان، وەرگێڕانی: ئەسعەد عەلی، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٥. ئەرگوشی، جەمیل محەمەد (٢٠٢١)، ئابووری سیاسی نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

نامەی زانکۆیی:

٦. سالح، نەجات عەلی (٢٠٢٠)، ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش ٢٠٠١، دکتۆرانامە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.

٧. بەرزنجی، سۆران حوسێن قادر (٢٠٠٨)، کێشە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا: توێژینەوەیەکی بەراوردکاری، ماستەرنامە، کۆلێژی یاسا و رامیاری، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.

٨. قادر، پەرویز رحیم ٢٠١٩، ئاسایشی نەتەوەیی لە چوارچێوەی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم: پرسی ناسنامەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەك نموونە، دکتۆرانامە، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.

گۆڤار:

٩. ئەحمەد، زوبێر رەسول (٢٠٢٠)، پاڵنەری سەرەکی پەیوەندیەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆ بۆ یاسا و رامیاری، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر، ساڵی هەژدەهەم، ژمارە (٢٨).

١٠. عیسی، صالح عمر و قادر، پەروێز رحیم (٢٠٢١)، ئاسایشی ئابووری لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابووریی هەرێمی کوردستان وەک نموونە، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، ژمارە (٤)، بەرگی (٦).

١١. حەمە، هاوڕێ حەسەن (٢٠١٦)، چەمکی ئاسایش لە نێوان تیۆری ریالیزم و قوتابخانەی کۆپنهاگن، گۆڤاری جۆرناڵ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان (KCCRC)، ژمارە (٣).

١٢. حەمە، هاوڕێ حەسەن (٢٠٢٠)، تیۆری لیبڕالیزمی نوێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، گۆڤاری جۆرناڵ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە (٥١).

١٣. حەسەن ، چواس (٢٠١٧)، چارەنووسی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی چارەنووسی دیموکراسیبوونی عێراقدا، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە (٢٦).

ڕۆژنامە:

١٤. سلمی، عبدالرحیم صمایل (٢٠١٦)، لیبراڵیزم: سەرەتاکانی دەرکەوتن و گەشەکردنی، وەرگێڕانی: ئاسۆ جەمال، رۆژنامەی چاودێر، ژمارە (٢٩٧).

ماڵپەڕ:

١٥. محیەدین، سەردار قادر (٢٠٢١)، جەدەلییەتی هەماهەنگیی نێوان دەستووری هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ، ماڵپەڕی پێنووس: (http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1817-2021-07-07-09-24-47)

دووەم/ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

الكتب:

١٦. إلياس، جوانيتا و ستش، بيترس (٢٠١٦)، أساسيات العلاقات الدولية، ترجمة: د. محيي الدين حميدي، دار الفرقد للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.

١٧. البعلبكي، منير (٢٠٠٦)، المورد، الطبعة الأربعون، دار العلم للملاين، بيروت.

١٨. أندرسون، جورج (٢٠٠٧)، مقدمة عن الفيدرالية: ماهي الفدرالية؟ وكيف تنجح حول العالم؟، ترجمة: مها تكلا، منتدى الأنظمة الفيدرالية، أوتاوا- كندا.

١٩. بول، هيدلي (٢٠٠٦)، المجتمع الفوضوي: دراسة النظام في السياسة العالمية، ترجمة ونشر مركز الخليج للأبحاث، دبي.

٢٠. بيليس، جون و سميث، ستيف (٢٠٠٤)، عولمة السياسة العالمية، ترجمة ونشر: مركز الخليج للأبحاث، الإمارات.

٢١. دان، تيم و كوركي، ميليا و سميث، ستيف (٢٠١٦)، نظريات العلاقات الدولية: التخصص والتنوع، ترجمة: ديما الخضراء، المركز العربي للأبحاث، الدوحة.

٢٢. دونللي، جاك (٢٠١٤)، نظريات العلاقات الدولية، ترجمة: محمد صفار، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

٢٣. سميث، آدم (٢٠٠٨)، ثروة الأمم، ترجمة: حسني زينه، الجزء الثاني، معهد الدراسات الاستراتيجية، بغداد.

٢٤. الشاوي، منذر (١٩٨١)، نظرية الدولة، منشورات مركز البحوث القانونية، بغداد.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٢٥. الصواني، يوسف محمد (٢٠١٣)، نظريات في العلاقات الدولية، منتدى المعارف، بيروت.

٢٦. عبدالكافي، د. إسماعيل عبدالفتاح (٢٠٠٦)، الموسوعة المسيرة للمصطلحات السياسية، بدون اسم المطبعة ومكانها.

٢٧. علي، عمران عمر (٢٠١٩)، العلاقات الدولية: دراسة في النضريات الاساسية والنقدية، مطبعة خاني، دهوك.

٢٨. عودة، جهاد (٢٠٠٥)، النظام الدولي: نظريات وإشكاليات، دار الهدى للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٥.

٢٩. الغندور، عبير محمد عاطف (٢٠٠٩)، مبادئ العلاقات الدولية، مطبعة جامعة حلوان، القاهرة.

٣٠. فوكوياما، فرانسيس (١٩٩٣)، نهاية التاريخ والإنسان الأخير، ترجمة: د. فؤاد شاهين، منشورات مركز الإنماء القومي، بيروت.

٣١. كانط، إيمانويل (٢٠٠٩)، مشروع للسلام الدائم، ترجمة: عثمان أمين، الطبعة الثانية، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

٣٢. لوك، جون (١٩٥٩)، مقالتان في الحكم المدني، ترجمة: ماجد فخري، منشورات الروائع الإنسانية، بيروت.

٣٣. مجيد، حسام الدين علي (٢٠١٠)، إشكالية التعددية الثقافية في الفكر السياسي المعاصر: جدلية الاندماج والتنوع، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

٣٤. منصور، أشرف (٢٠٠٨)، الليبرالية الجديدة: جذورها الفكرية وأبعادها الإقتصادية، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة.

٣٥. مورجنتاو، هانز جي. (١٩٦٥)، السياسة بين الأمم: الصراع من أجل السلطان والسلام، الترجمة: خير حماد، الجزء الأول، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة.

٣٦. مولود، محمد عمر (٢٠٠٠)، الفدرالية وإمكانية تطبيقها في العراق، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، أربيل.

٣٧. هيود، أندرو (٢٠١٢)، مدخل إلى الأيديولوجيات السياسية، ترجمة: محمد صفار، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

رسالة دكتوراه:

٣٨. أمين، سولاف محمد (٢٠٠٦)، تحديد الصلاحيات في الدولة الفدرالية: دراسة تحليلية مقارنة في طبيعة الدستور الفدرالي، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة صلاح الدين - أربيل.

٣٩. كواشي، عتيقة (٢٠١٧)، أليات إدارة المعضلة الأمنية المجتمعية في منطقة الساحل الافريقي، رسالة دكتوراه في العلاقات الدولية، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة باتنة، الجزائر.

الدراسات الاكاديمية:

٤٠. بوستي، توفيق ٢٠١٨، مدرسة كوبنهاغن والتحول في مفهوم الأمن: نحو إطار جديد للأمن، المجلة الجزائرية للأمن والتنمية، العدد (١٣).

٤١. خليل، طلال حامد (٢٠١٦)، المرتكزات الفكرية لليبرالية: دراسة نقدية، مجلة دفاتر السياسة والقانون، العدد (١٥)، المجلد (٨)، الجزائر.

٤٢. زاوي، رابح (٢٠١٧)، معضلة أمن الحدود والتأسيس للمركب الأمني: قرأة في منطلقات مدرسة كوبنهاغن، مجلة دفاتر المتوسط، العدد (٦)، المجلد (٣).

٤٣. عقيل، وصفي محمد (٢٠١٥)، التحولات المعرفية للواقعية والليبرالية في نظرية العلاقات الدولية المعاصرة، مجلة دراسات للعلوم الإنسانية والاجتماعية، الجامعة الأردنية، العدد (١)، المجلد (٤٢).

٤٤. فرج، أنور محمد و عثمان، تارا طه (٢٠١٣)، مساهمات الليبرالية في العلاقات الدولية: نظرية السلام الديمقراطي لـ(مايكل دويل) أنموذجا، مجلة زانكۆى سلێمانى/ قسم الدراسات الإنسانية، العدد (٣٨).

سێیەم/ سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:


**Books:**

45. Buzan, Barry & Hansen, Lene (2009), the Evolution of International Security Studies, Cambridge University Press, London.

46. Buzan, Barry & waever, Oole (2003), Regions and Powers: The Structure of International Security, Cambridge University Press, United Kingdom.

47. Dunne, Tim (2001), Liberalism, in: John Baylis and Steve Smith, The Globalization of World Politics: An Introduction to International Relations, Oxford university press, Oxford.

48. Elman, Colin (2007), Realism, in: Martin Griffiths, International Relations Theory for the Twenty-First Century: An Introduction, Routledge, New York.

49. Keohane, Robert O. and Nye Joseph S. (2014), Power and Interdependence, Fourth Edition, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data. Published online by Cambridge University Press.

50. Roe, Paul (2010), Societal Security, in Collins A. Contemporary Security Studies, Oxford University press, New York.

51. Waltz, Kenneth (2002), Theory of International Politics, Addison Wesley Publishing, New York, 2002.

52. Wheeler, Nicholas J. (2002), Saving Strangers: Humanitarian Intervention in International Society, Oxford university press, Oxford.

Researches:

53. Donnelly, Jack (2009), Realism and International Relations, Cambridge University Press, Online Publication, Doi: (https://doi.org/10.1017/CBO9780511612510)

54. Waltz, Kenneth (2003), Realist Thought and Neorealist Theory, journal of International Affairs, Doi: (https://doi.org/10.1017/CBO9780511612510)

55. Stivachtis, Yannis (2018), Introducing the English School in International Relations Theory, Available at: (https://2u.pw/iLgV5), (Accessed: 14 January 2022).

56. Navari, Cornelia (2016), World Society and English School Methods, Available at: (https://2u.pw/Z9lMm), (Accessed: 20 March 2022).

57. Ukhurgunashvili, Giorgi (2014), Order vs Justice: The Responsibility to Protect and the English School, Matej Bel University, International Relations II, Summer Term 2013-2014, Accessed: 2 April 2022, Available at: (https://2u.pw/nDGhr).



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360